# هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان - عێراق

**د. بارزان جوهر صادق***

وشە کلیلیەکان: گۆڕانی ئاسایش، ئاسایشی دەوڵەت، ئاسایشی کۆمەڵگا، هەڕەشەی ئاسایشی،ئاسایشی کوردستان
https://doi.org/10.31271/jopss.10040

**پوختەی توێژینەوە:**

لەدوای جەنگی ساردەوە، گۆڕانی گەورە بەسەر چەمک و سیاسەتی ئاسایشیی هاتووە. ئێستا ئاسایش تەنها بەمانای بواری جەنگ و سەربازی نایەت. بۆ نموونە لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەڕەشەی تەندروستی بەهۆی کۆرۆناوە زۆر زیاترە لەهەڕەشەی چەکی ئەتۆمی، مەترسی تیرۆر و هەڕەشەی سەربازی. سیستمە سیاسییەکان لەپاڵ ئاسایشی سەربازی، گیرۆدەی دابینکردنی ئاسایشی سیاسی، تەندروستی، ئەلیکترۆنی، ئابووری، خۆراک، ئاو، ژینگە، پەروەردە و سێکتەرەکانی ترن. هەرێمی کوردستان لەبەردەم کۆمەڵێک هەڕەشەی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکییە. ئەم توێژینەوەیە لەدەروازەی تیۆریی، بەکورتی بارودۆخی ئاسایشی لەرووی چەمک و گۆڕانی پۆلێنبەندی ئاسایشی و ئاراستە فکرییەکانی دیاریکردنی جۆری هەڕەشەی ئاسایشی شیکردۆتەوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە (١٠) دە هەڕەشەی سەرەکی ناوخۆیی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەن. دواتر بەشێوەی مەیدانی پڕژاوەتە سەر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەریەک لەو هەڕەشانە بە میکانیزمی گفتوگۆی قوڵ لەگەڵ دەیان پسپۆڕی دەستەبژێر لەهەریەک لەو دە بوارەی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

**ملخص البحث:**

**التهديدات الداخلية على أمن إقليم كوردستان - العراق**

بعد حرب الباردة قد وقعت التغيرات الكبيرة على مفهوم وسياسة الأمن، ولم يبق معنى الأمن محصورا في مجالي الحرب والعسكري، فمثلا في وقت كتابة هذا البحث، ظهرت التهديدات الصحية بسبب انتشار جائحة (كوفيد-19) أكثر فأكثر من تهديدات الأسلحة النووية والارهاب والتهديدات العسكرية. من المعلوم أن الأنظمة السياسية على جانب اهتماماتها وتركيزاتها للأمن القومي، تهتم بجوانب الأمن السياسي، والصحي، والألكتروني، والاقتصادي، والغذائي، والمائي، والبيئة، والتربية وغيرها أيضا. إن إقليم كوردستان العراق امام العديد من التهديدات الأمنية الداخلية والخارجية. وهذا البحث المقدم من منطلق نظري يركز ويحلل الظروف الأمنية من حيث مفهوم والتغير في الأولوية للأمن

---

* مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستمی سیاسی وسیاسەتی گشتی.
barzan.sadq@su.edu.krd

والاتجاهات الفكرية لتحديد نوع التهديد للأمن، حتى وصل إلى أن إقليم كوردستان يواجه (10) تهديدات داخلية. بعد ذلك حاور الباحث نخبة معنية بشأن كل هذه الأنواع من الأمن بجمع المعلومات على كل هذه التهديدات الموجودة.

**Abstract:**

**Internal Security Threats on the Kurdistan Region – Iraq**

After the Cold War, security policy has been changed dramatically. Currently, security no longer covers only war and army. For instance, at the time I am writing this paper, health security because of Corona virus is much riskier than atomic weapons, terrorists or any other army threats. Political systems are concerned to care about political, health, cyber, economic, food, water, environment, education and other security sectors. Kurdistan region has faced some interior and foreign security challenges. In theoretical framework, the research sheds some light on security situation in concept, changing of security priority and different approaches to point out security threat of various types. This research has come to this result that there are ten major domestic security challenges that threaten Kurdistan region. Later on, in the field framework the research has collected data for each one of security threats depending on deep discussions with tens of specialized experts in Kurdistan region security policy.

**1 - پێشەکی**

ئامانجی سەرەکی دەوڵەت لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ بۆ مەبەستی دابینکردنی ئاسایش بووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بیروڕاو دەقەکانی زۆربەی تیۆرستە سیاسییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکیان چارەسەرکردنی دۆخێکی نائاسایشی- بووە و هەریەکەو بە میتۆدێک پێشنیاری هێنانەکایەوەی ئاسایشی- کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەت هەروەکو چۆن ئاسایش دابین دەکات، بەهەمان شێوە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئاسایش. بەپێچەوانەی ئامانجەکەی، خەڵک ئەوەندەی بەهۆی دەوڵەت و حکومەتەکانیان بونەتە قوربانی، ئەوەندە لە جەنگی دەوڵەت بۆ پارێزگاری لەقەوارەکەی دژ بە دەرەوە نەمردون.

ئەم توێژینەوە دەیەوێت بزانێت بارودۆخی بوارە جیاوازەکانی ئاسایش لەهەرێم چۆنە. ئاسایش کە بەمانای دڵنیایی و ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ و ئاسودە بوون دێت، ئایا لە وڵاتی ئێمە توانیویەتی ئەم ئەرکە ئەدا بکات؟ خەڵك و دەسەڵاتی فەرمی هەریەک بەجیا چۆن دەڕواننە ئاسایش؟ چونکە بەهۆی نزمی ئاستی هۆشیارییەوە، کەباسی ئاسایش دەکرێت، لەهەمووڵایەك تێگەیشتنەکە بەشێوەیەکە کەتەنها ئەوانەی چەك بەدەستن و جلی سەربازییان لەبەردایە بەئاسایش هەژماردەکرێن! لەڕاستیدا مانای ئاسایش زۆر فراوانترەو لایەنە سەربازییەکەی تێپەڕاندووە. لە سێ دەیەی ڕابردوودا، لەوڵاتانی پێشکەوتوو ئەوەندەی بایەخ بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگە، ئاو، پەروەردە، تەندروستی...هتد، دراوە، ئەوەندە ئاسایشی سەربازی بایەخی نەبووە، لەبەر ئەوە ئەرکی دەوڵەت قورستر بووە لەدابینکردنی ئاسایشی گشتی وڵات.

هەرێمی کوردستان ئەگەرچی خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نیە، بەڵام لەماوەی ڕابردوو بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە لەرووی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە ئیدارەی هەرێمی داوە. بەهۆی سەرەتایی دەزگاکانی و ململانێی پارتە سیاسییەکان و چەندین هۆکاری تر لەناوخۆدا ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشەی ئاسایش بۆتەوە. ئەوەندەی خەڵک لەهەرێمی کوردستان بەهۆی خراپی ئاسایشی ڕێگاوبان، خۆراک، تەندروستی، کێشەی کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تر گیان لەدەست دەدەن، ئەوەندە لە جەنگی ناوخۆ و جەنگی داعش گیانیان لەدەست نەداوە. جگە لەوەش، بەحوکمی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە هەرێمی کوردستان هەمیشە بەهۆی دەستوەردانی ناوەوەی وڵاتانی دراوسێ یان جەنگی نێوان ئاین و مەزهەب و ململانێی نێودەوڵەتی لەناوچەکە بەدەیان هەڕەشەی ئاسایشی- کاریگەری لەهەرێمی کوردستان دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین گرنگترین هەڕەشە ئاسایشییە نوێیەکانی سەر ئاسایشی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو. هەروەها هۆکارەکانی پشت هەڕەشەکان شیبکەینەوە و لەکۆتایشدا چارەسەرییەکان دیاری بکەین. بەشی یەکەم تایبەتە بە پێشەکی، پرسیار، گریمانە، ئامانجی توێژینەوەکە. لەبەشی دووەمدا، هەوڵدراوە چوارچێوەیەکی تیوری بابەتەکە بناسێنرێت، ئینجا قوتابخانە و ڕەوتە جیاوازەکان، دواتر ئەو گۆڕانە فراوانەی بەسەر ئاسایشی- دەوڵەت و کۆمەڵگە هاتووە لەسەردەمی نوێدا کە وایکردووە چەندین جۆری هەڕەشەی ئاسایشی دیاری بکرێت. لەبەشی سێیەم، کە چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە، لەگەڵ ناساندنی میتۆدی توێژینەوەکەیە، شیکاریمان

کردووە بۆ چەندین جۆری هەڕەشەی ناوخۆیی سەر ئاسایشی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان. لەکۆتا بەشیشدا تاوتوێی دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان کراوە.

### 1-1- پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی: هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان چین؟

پرسیارە لاوەکیەکان:

١- ئەو مەترسیانە چین کە بەهەڕەشەی ئاسایشی دادەنرێن؟

٢- هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت لەیەک کاتدا ئاسایشی سەربازی و بوارەکانی تری نا سەربازی وەکو ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، تەندروستی، پەروەردەیی، تەکنۆلۆژی و...هتد دابین بکات؟

٣- ستراتیژی ئاسایشیی و ئەولەویەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان چیە بەپێی پۆلێنبەندی؟

### 2-1- گریمانەی توێژینەوەکە

هەرێمی کوردستان لەلایەک ناتوانێت ئاسایشی تەواوی سەربازی دابین بکات بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ، توانای دارایی و هەڵکەوتەی جوگرافی، لەلایەکی تریشەوە لەبەر هۆکارەکانی سەرەوە و نەبوونی ستراتیژی ئاسایشی دراسەکراوی سەرکەتووانە، بوارەکانی تری ئاسایشی- هەرێمی کوردستان کەوتونەتە بەر هەڕەشەی جددی.

### 3-1- گرنگی بابەتەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زانستی جۆرو شێوازەکانی هەڕەشەی ئاسایشی دیاری دەکات و دواتر بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا ئەولەویەت بەم پرسە نەدراوە، ئەم توێژینەوەیە دێت پۆلێنەبەندی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی- هەرێم دەخاتەڕوو. تەنها دۆزینەوە و دەرخستنی هەڕەشە و مەترسیەکان گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە نیە، بەڵکو نیشاندانی چەندین راو پێشنیار بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە و پێشگرتن لە هەڕەشەکان لەم توێژینەوەدا خراوەتەڕوو.

## 2 - چوارچێوەی تیوری

### 2-1- ناساندنی ئاسایش

ئاسایش (الأمن- Security) لە زاراوەی لاتینی (Securus-Securitas) وەرگیراوە (Brauch, 2005: 7-8) کە بەمانای دڵنیایی، لەئەستۆگرتن، نەمانی دڵەڕاوکێ و ئاسوودەیی دێت. لە فەرهەنگی کامبرج(Cambridge Dictionary)ی بەریتانی بەمانای پاراستنی کەس، باڵەخانە، رێکخراو، و وڵات دێت لەهەمەوو تاوان و هەڕەشە و هێرشکردنێک لەلایەن وڵاتانی دەرەکی. لەفەرهەنگی هەمبانەبۆرینە لەبەرامبەر وشەی فارسی (اسایش) ئاسوودەیی، ئیسرەحات، بێ خەمی بەکارهاتووە (موکریانی، ٢٠١٦: ٦). ئەگەر لەمانا کوردیەکەی وورببینەوە، ئەوەمان بۆ دیاردەکەوێت کە ئاسایش بەواتای ئاسایی دێت یان بارودۆخێک ئارام و بێ کێشە بێت.

بەبڕوای د. عمر قدور ئاسایش بەمانای دڵنیایی و پێچەوانەی ترس دێت، هەروەها رزگاربوونە لە ترس. حاڵەتێکە لەمرۆڤدایە ئاماژە بە پاڵنەری غەریزە دەکات بۆ بەرگریکردن یان راکردن (قدور، ٢٠٠٩: ٩-١٠). بەهەمان شێوە، کوینسی رایت دەڵێ ئاسایش رزگاربونە لە ترس و دەبێ لەپێش هەموو کارێکیتر بێت، ئەگەر ئاسایش بەرقەرار نەبێت ئەوا سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان نابنە هۆی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی خەڵک، بەڵکو دەبنە هۆی زیادبوونی ریۆشوێنە ئاسایشیەکانی دەوڵەت کە لەئەنجامدا هەژموون و زاڵبوون و ئیمتیازاتەکانی دەزگا ئاساییشییەکان لەسەر حیسابی گەل زیاد دەبێت (قدور، ٢٠٠٩: ٢٢)، بۆیە بەشێک لەتوێژەران نائاسایشی- دەگەڕێننەوە بۆ بەئاسایشکردن (Securitization) کاتێک کۆنترۆڵ لەلایەن یەک بەرە دەبێت و داهاتوو ناڕوون بێت. هەروەها ئاسایش بەلایانەوە بریتیە لە رووبەڕووبوونەوەی ترس، تیرۆر، هەڕەشە و زیان (Bigo, 2008: 124). بەهەمان شێوە، باری بۆزان (Barry Buzan) ئەم مەترسیەی خستۆتەڕوو کە ئاسایش بەمانای دانانی چواچێوەیەکی سیاسی لەیاسا و گەمەیە بۆ بوارە سیاسییەکانی وڵات، بەڵام بەئاسایشکردن (Securitization) وەکو وێنەیەک یان ڤێرژنێکی توندی بە سیاسیکردن (Politization) دەبینرێت (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 23). لەبەرامبەردا، پاوڵ ولیەمس (Paul D. Williams) پێی وایە کە هەرچەندە پەیوەندی هەیە لەنێوان بەردەوامی و مانەوە لەژیان و ئاسایش، بەڵام رێک هاوشێوە یان هاو واتا (synonymous)ی یەکتر نین، بەبەڵگەی ئەوەی کە ئاسایش سەرترە لە مانەوە لەژیان و مانایەکی فراوانتری هەیە یان وەکو کین بۆس دەڵێ زیاتر لەمانەوە (Survival-plus)یە، چونکە پەیوەستە بە کۆمەڵێک توانا و بەرژەوەندی و ناوبانگی سیاسی (Williams, 2008: 5-6).

دوو ئاراستەی جیاواز هەن بۆ پێناسەکردنی ئاسایش. بەلای باری بۆزان (Barry Buzan)، ستیڤن واڵت (Stephen Walt)، هنری کسنجەر و لایەنگرانی ئەم رەوتە، ئاسایش واتە ئازادبوون لە مەترسی و توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ناسنامەکەی و پێگە سیاسییەکەی لەهەمان کات هەڵسوکەوتێک کە کۆمەڵگە لە میانەیدا تێدەکۆشێ بۆ داکۆکیکردن لەمافی بوون و مانەوەدا. بەلای ئەمانەوە پرۆسەیەکە بۆ پاراستن لە ئازار، ترس، دڵەڕاوکێ، بەرهەڵستکاری، بەرگری، پاسەوانی و پارێزگاری لە بەها سەرەکیەکان و پاراستنیان لە هەڕەشەکان. ئەم توێژەرە نەریتخوازانە پێناسەی دەکەن بە دراسەی هەڕەشەکان و بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی (قدور، ٢٠٠٩: ٢٣، Afolabi, 2015: 1-2). وایڤەر پێی وایە کە " ئامانجی کلاسیکی ئاسایش دەوڵەتە و لەناویشدا نەتەوەیە. بۆ دەوڵەت مانەوە واتە ئاسایش و بۆ نەتەوەش بریتیە لە ناسنامە" (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 36). کەواتە لایەنگرانی کۆنی ئاسایشی یان نەریتخوازەکان بەتەواوی پێیان وایە کە دەبێت ئاسایش بە دەوڵەت پێناسە بکرێت و دەوڵەتیش پێوستە ئاسایش بێت. لێرەدا جەخت لەسەر بواری سەربازی و دواتر سیاسی دەکەنەوە، بەڵام لیبراڵەکان بەتوندی دژی ئەرکی رەوایەتیپێدانی ئاسایشین بەدەوڵەت و دەڵێن ئەگەر ئاسایش فراونکرا کێشە بۆ ژینگە و ئابووری و بوارەکانی تر دروست دەبێت (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 37).

توێژەرە نوێیەکانی بواری ئاسایشی پێناسە و مانایەکی گشتگیر و قوڵتر دەدەنە چەمکەکە. پێیان وایە کە پرسەکانی وەکو ژینگە، تەندروستی، سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵایەتی و چەندین بواری تر

هەن ناکرێت وەکو بـواری ئاسایشی ـ تـاک و کـۆمەڵگە لەبەرچـاو نەگیـرێن (Afolabi, 2015: 3-4). بەهەمان روانینی ئەم گروپە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی ئاسایشی مرۆیی کردووە بەم شـێوەیە: بـریتیە لە ئاسایشی ـ ئـابووری، خـۆراک، تەندروسـتی، ژینگەیـی، کەسی، کۆڕوکۆبـوونەوەو رێکخراوەیی و ئاسایشی سیاسی. لەمبارەیەوە کۆفی ئەنانی سکرتێری پێشووی رێکخـراوەکە بەمشـێوەیە پێناسـەی کـردووە: "ئاسـایش بەمانـای دوورکەوتـنەوە لە نـاکۆکی و تونـدوتیژی دێـت. ئەم چەمـکە رەهەندەکانی مافی مرۆڤ، حکومەتی باش، چاودێری تەندروستی و پەروەردەی پێشـکەوتوو هەروەهـا چانسی یەکسان بۆ تاکەکان لەخۆدەگرێـت"(Campbell, MacKinnon, and Stevens, 2010: 231).

لەلایەکی ترەوە، ئاسایش تەنها تایبەت نیە بە لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو بـایەخی تـایبەتی هەیە لەلایەن کۆمەڵناسان، مێژوو ناسان، یاساناسان و تیورستە سیاسییەکان و چەنـدین لایەنی تـر. هەریەک لەمـانە بـایەخ بە ئاسایشی ـ تـاک دەدەن. بەلای یاسـا ناسـێکەوە ئاسـایش واتە چەسـپاندنی یاسـا و بنەماکانی دادوەری. بۆ فەیلەسوفان ئاسایشی ژیان یەکەمین فۆڕمی ئازادی و تاکەکەسیە. ئاسایش واتە ئازادی بەلای ئەمانەوە، لەهەمان کات ئاسایش هەروەکـو چـۆن ترسـە لە دوژمـن، ترسیشـە لەمـردن بەهۆی رووداوی چاوەڕواننەکراو. بەلای زۆر لە توێژەرانی بوارەکان ئاسـایش ئـازادی و بەخـتەوەری و خۆشگوزەرانیە نەک رزگاری و مانەوە لەژیان بەتەنها. پێیان وایە ئاسایش ئـابووری و کـۆمەڵایەتیە کە لەلای تیورستەکانی پەیوەنـدی نێـودەوڵەتی رەتـدەکرێتەوە. ئاسـایش بە ئەرێنـی سـەیردەکەن ( Bigo, 2008: 122-123) نەوەکو نەرێنی وەکو ریالیستەکان دەیناسێنن.

هەر لەکۆنەوە ئەرکی سەرەکی دەسـەڵاتداران بریتـی بـووە لەپاراسـتنی هاوڵاتیـان لە هەڕەشـە، هێـرش و مەترسـییە دەرەکییەکـان (Campbell, MacKinnon, and Stevens, 2010: 231). لەلای شیشـیرۆ و چەنـد فەیلەسـوفێکی تـر لە پـێش زایـین لەزۆربەی زمانەکـانی یۆنـان و رۆمـان و وڵاتـانی رۆژئاوایی کۆن بەمانای هەستکردن بە رزگاری و دەربـازبوون لە ئـازار و نـارەحەتبوون هـاتووە یـان وەکو هاوشێوەی دڵنیایی (Certainty) بەکارهاتووە. بەهەمـان شـێوە لەسـەدەکانی ناوەڕاسـت وەکـو چەمکێکـی پـۆزەتیڤی سـیاسی لەلایەن قەشـە کریسـتیانەکان بەکـارهێنراوە (Brauch, 2005: 7-8). لەسەردەمی رۆشنگەری بەتایبەت لەلایەن هۆبزەوە بـۆ مەبەسـتی هێنـانەدی ئاشـتی و سـەقامگیری دەوڵەت بەکارهاتووە. جگە لەمەش، هۆبز پێی وابوو ئاسایش میکانزمێکی پێویستی بەرگرییە. بەلای جۆن لۆکەوە، ئامانجی سەرەکی هێزی کۆمەڵگە بریتیە لە: ئاشتی، پاراستن و خێـری گشـتی خەڵـک و ئەمەش بەهـۆی ئاسایشـەوە بەدەسـت دێـت (Brauch, 2005: 8). بەدرێژایـی سـەدەی هەژدەهەم، ئاسایش بەهاوبەشی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە دانراوە. لەماوەی سـەدەی نـۆزدەهەم، دەوڵەت بە کلیـل یان ئامرازی سەرەکی ئاسایش دانـراوە بـۆ حوکمـداری لەرێـگەی یاسـاوە. سـەدەی بیسـتەم چەمکـی ئاسایشی ناساند بەمیکانیزمی چارەسەرە ناوەکی و دەرەکیەکان بـۆ رووبەڕووبـوونەوەی مەترسـیەکانی سەر دەوڵەت و کۆمەڵگە لەرووی پۆلیس، دادگا، ئـابووری، و بوارەکـانی سـەربازی بەتـایبەت لەرووی بەرگرییەوە (Brauch, 2005: 8).

هەندێک لە پسۆڕانی تری ئاسایش پێیان وایە گرنگیدانی پێش جەنگی دووەمـی جیهـانی بە بـواری ئاسایشی سەربازی بووە و دواتر گۆڕاوە. پێشتر دەوڵەتان لەسەر بنەمای سێ گریمانەی ریالیزم کاریـان

کردووە وەکو، یەکەم، دەوڵەت ئەکتەری سەرەکیەو رۆڵگێڕە. دووەم، هێزی توندوتیژی کاریگەرترین ئامرازە لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر. هەروەها سێیەم، بواری سەربازی ئەولەویەتی زیاتری هەیە لەبوارەکانی تر. بەپێودانگی ریالیستەکان هەموو کات دەوڵەت یان لەناو جەنگە یان لە باری خۆئامادەکردنە بۆ جەنگ. بۆیە بەلایانەوە جەنگ و هاتنەوەی جەنگ یەکەم بواری ئاسایشیە بۆ مانەوەی دەوڵەت (رەوشەندل، ٢٠١٠، ل٢١١). لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە چەمکی ئاسایش فۆرمە سەربازی و سیاسیەکەی تێپەڕاندو لەوکاتە بەدواوە ئیدی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی بووە جێگەی بایەخی توێژەرەکان و دواتر وڵاتان بەتایبەت لەرۆژئاوا. ئەمرۆش ئاسایش چەمکێکی سەربەخۆ نیە و پەیوەستە بە سیستمی کۆمەڵایەتیەوە (Brauch, 2005: 8). توێژەرانی بواری ئاسایشی لەکۆتاییەکانی جەنگی ساردەوە بیریان لەوە کردەوە کە چەمکی ئاسایش فراوانترە لەو مانا تایبەتیە سەربازییەی پێیدراوە و ئەوان لەگەڵ مانەوەی سێکتەری هێز و بواری سەربازی، ئابووری، ژینگە و چەند لایەنێکی تریان بۆ زیاد کرد (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 2). واتە لەدوای جەنگی ساردەوە بایەخدانی ئاسایشی گۆڕا لە ئاسایشی نەتەوەییەوە بۆ ئاسایشی مرۆیی (Brauch, 2005: 18). لەئێستادا، توێژەران پێیان وایە کە ناکرێت بیر لەئاسایشی- تەواوەتی جیهانی بکرێتەوە یان ئاسایشی- تەواو لەناو یەک دەوڵەت بۆ هەمیشەیی،چونکە ئاسایش بە مانا گشتیەکەی شەرعیەتی سیاسی و بەشداری سیاسیە (Bigo, 2008: 123). هەروەها پێیان وایە ناکرێت بیر لە ئاسایشی- راستەقینە (Real Security) بکرێتەوە یان دەستەبەر بکرێت بەبێ ئاسایشی- جیهانی (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 31).

بەگشتی ئاسایش لەئێستادا جگە لەمانا سەربازی وبەرگرییەکەی، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و سروشتیشی بۆ زیادبووە وئەمەش وایکردووە چەمکەکە لەرووی ماناو سنوورەوە فراوانتر وئاڵۆزتر بێت. بۆیە دەکرێت بڵێین ئاسایش پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فراوانی پاراستن و بەرگریە بۆ مانەوە و گەشەپێدان.

### 2-2- ئاراستە فیکرییەکانی دیاریکردنی جۆرەکانی هەڕەشەی ئاسایشی

چەندین قوتابخانە شیکاری بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی ئاسایشی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە دەکەن، بەڵام دواجار لە دیاریکردنی جۆرەکانی یان ئەو بابەتانەی دەکرێت بەهەڕەشەی ئاسایشی دابنرێن بۆ دوو ئاراستەی جیاواز دابەش دەبن.

جیاوازیەکی زۆر لەنێوان تیورە کلاسیکیەکان و تەنانەت بیروبۆچوونە کۆنەکانی قوتابخانەی کۆپنهاگن (Copenhagen School) لەگەڵ زانکۆی ئێبەرزتویز (University of Aberystwyth) بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسایشی و دیاریکردنی جۆری هەڕەشەکانی سەر ئاسایش هەیە. لەدوای جەنگی ساردەوە، دیارترین ئەو دوو قوتابخانە رەخنەیان ئاراستەی تیورە کلاسیکییەکان یان توێژەرە نەریتخوازەکان و واقیعگەراکان کردووە، قوتابخانەی ئێبەرزتویزە بەپلەی یەکەم و قوتابخانەی کۆبنهاگن بەهۆی کاریگەری بیروبۆچونەکانی باری بۆزانەوە. هەرچەندە قوتابخانەی کۆپنهاگن بیروبۆچوونەکانی ماوەی جەنگی ساردو پێشتر رەتدەکاتەوە، بەڵام قوتابخانەی ئێبەرزتویز رادیکاڵانەتر و جددی ترە لە رەخنەگرتن لە بیروبۆچوونە کۆنەکانی بواری ئاسایش (Diskaya, 2013: 1-2). بەلای

نەریتخوازەکان، هەڕەشەی سەر هەموو سێکتەرەکانی ژیان بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایش دانانرێت، تەنها هەڕەشەکانی سەر بواری سیاسی و سەربازی نەبێت. قوتابخانەی ئێبەرزتویز هەرتەنها ئەم بۆچوونانە بۆ ئاسایش بەکلاسیکی دانانێت، بەڵکو دێن ئارگیومێنتی بەهێز بۆ سێکتەرەکانی تری رزگاری مرۆڤ دەخەنەڕوو.

ئاسایشناسە کلاسیکیەکان بەتەواوی لەژێر کاریگەری گریمانەکانی ریالیزمن. تەنها باوەڕیان ئەوەیە کە تاکە ئەکتەر دەوڵەتە و تەنیا بواری ئاسایش بریتیە لە سێکتەری سەربازی ( Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 207). بەبڕوای توێژەرانی بواری ئاسایشی، هۆکاری سەرەکی بایەخدان بەهێز و جەنگ بۆ ئەو نادڵنیاییە دەگەڕێتەوە کە لەسەر ئاستی تاکەکەسی دەست پێدەکات. جۆن هێرز و هێربرت بترفلد (John Herz and Herbert Butterfield) ئەم نادڵنیاییە دەگەڕێننەوە بۆسروشتی مرۆڤ خۆی. ئەم ریالستە کلاسیکیانە لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونی هۆبزن کە تاک ناتوانێت دڵنیا بێت لەبەرامبەرەکەی و کاتێک هەردوولا ناخی یەکتر نابینن کە پڕە لەگومان و تەنها لەسەر بنەمای گریمانەکراو یەکتر هەڵدەسەنگێنن ئەوا ترس و گومانیان زیاد دەکات و گرەنتیەک نامێنێتەوە بۆ ئاسایش (Roe, 2005: 9-10). بەومانایەی هەروەکو هۆبز لەتیورەکەی دەیخاتەڕوو کە مرۆڤ بەسروشتی خۆی بەرژەوەندخواز و دڕندەیە و پێکدادانی بەرژەوندییەکانیش شەڕی هەمووان دژی هەمووان دروست دەکات (بڕوانە هۆبز، ٢٠١٦). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئامانجی سەرەکی هۆبز لەدروستبوونی پەیمانی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی- تاکەکان و کۆمەڵگایە.

بەهەمان شێوە، لەڕوانگەی نیو-ریالیزمەوە هەروەکو چۆن تاک بەسروشتی خۆی شەڕانگێزە و تاکەکانیش هەڵسوڕێنەری دەوڵەتن، ئاواش پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی توشی ئاژاوە و فەوزا دەکەن. پێیان وایە لەم دۆخە ئاڵۆزەدا دەوڵەتان ناتوانن بوەستن و سەیری بەهێزبوونی ئەوانیتر بکەن، بۆیە ئەو نادڵنیاییە پاڵیان پێوەدەنێت بۆ خۆبەهێزکردن بۆ پاراستنی ئاسایشیان (Roe, 2005: 11). لەمبارەیەوە، نایک ویلر و کین بۆس (Nick Wheeler and Ken Booth) یەکێک لەهۆکارەکانی بایەخدانی دەوڵەتان بە بواری سەربازی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە نادڵنیایی (Uncertainty) ئاسایشی- هەیە و هەر کات دەوڵەتێک بواری سەربازی خۆی بایەخ پێ دەدات و کەلوپەلی سەربازی نوێ دەخاتەڕوو، راستەوخۆ وڵاتانی تر بەهەڕەشە لەسەرخۆیانی دادەنێن و بەناچاری هەوڵی هاوشێوە یان باشتر دەدەن. واتە بێئاگان لەوەی ئەم کردەوەیە راستەوخۆ وێنەی هەڕەشە ئامێز لەلای دراوسێکان دروست دەکات (Roe, 2005: 9-11). بەبڕوای رۆ خودی بۆچوونی ریالیزم هەڕەشەکە پەرە پێ دەدات کاتێک لایەنگرانی نیو ریالیزم دەڵێن دۆست و دراوسێی ئەمڕۆت لەوانەیە بەئاسانی ببێتە مەترسیدارترین دوژمنی سبەی (Roe, 2005: 11). ئەمە وادەکات بێ متمانەیی و نادڵنیایی زیاتر بکات و جەنگ بەردەوامی هەبێت. بۆیە دەوڵەتان هەمیشە رێژەی سەربازان و بواری سەربازییان بەرزدەکەنەوە. ئەم ئامانجە دوو لایەنەیە، کەرتی سەربازی وەکو چۆن بۆ بەرگری بەکاردێت بەهەمان شێوە بۆ هێرشکردنیش بەکاردێت. کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە دڵنیایی نیە ئەو هێزە بۆ بەرگری بێت، چونکە لەوانەیە بۆ بەرگری بێت لەوانەشە بۆ ئازاردانی خەڵکی تری ناوخۆ بەکاربێت ( Roe,

9 :2005)، بۆ نموونە چەندین ساڵە بەشار ئەسەد و رژێمی سووریا چەک دەکرێن و بواری سەربازی بەهێز دەکەن لەسەر ئەو بیروڕایەی کە بەرگری لەخاک و خەڵک دەکەن، دواتر بینیمان کە چۆن ئەم چەکانەو سوپاکە لەدژی خەڵکی وڵات بەکارهاتووە کە بەدەیان هەزار هاوڵاتی کوشتووە و بەملیۆنان خەڵک ئاوارە و دەربەدەربوون. چەندین نموونەی هاوشێوە پشتڕاستی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکەنەوە.

لەکۆتایی سەدەی رابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەوە، قوتابخانەی کۆپنهاگن بەسەرکردایەتی بوزان، وەیڤەر و چەند تویژەرێکی تر، رۆڵی سەرەکی گێراوە لە لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان و دیاریکردنی جۆر و کاریگەری هەڕەشەکان (Brauch, 2005: 9). دەستپێکی گرنگیدانە ئەکادیمیەکان بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسایش و گۆڕان لەبیری قوتابخانەکە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی باری بۆزان لەساڵی ١٩٨٣ بەناوی (خەڵک، دەوڵەتان و ترس). لەوێدا باری بوزان ئەوەی خستەبەرباس کە ئاسایش تەنها تایبەت نیە بەدەوڵەتان، بەڵکو پەیوەندی بەهەموو لایەنەکانە مرۆییەکانەوە هەیە (Williams, 2008: 3). قوتابخانەی کۆپنهاگن کە ئیستە گۆڕدراوە بۆ پەیمانگەی تویژینەوەی ئاشتی کۆپنهاگن و لەلایەن ئۆل وەیڤەر و باری بۆزان ( Barry Buzan and Ole Wæver)ەوە بەڕێوەدەبرێت لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە دوای جەنگی سارد پەرەیان بە بواری ئاسایشی لە ئەوروپا داو جەختیان لەسەر پرسەکانی هەژاری، پیسبوونی ژینگە و مافەکانی مرۆڤ کردووە (McDonald, 2008: 68). ئەم تویژەرانە کاریگەری گەورەیان لەسەر گۆڕانی بیروڕای قوتابخانەکە هەبوو بەرامبەر لێکۆڵینەوە ئاسایشییەکان. بۆزان دەڵێت دەوڵەت هەندێکجار بە راستەوخۆ و هەندێک کات ناڕاستەوخۆ دەبێتە هەڕەشە لەسەر تاک. بۆنموونە بەهۆی دارشتنی یاسا ناوخۆییەکان بەزۆرەملێ بەڕاستەوخۆ. پێیوایە کە هەڕەشەیەکی تری دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو هێزە سەربازییەی لەدەستی بەرپرسانی دەوڵەتە و بۆ فشارخستنە سەر دەزگاکان و خەڵکی وڵات بەکاری دێنن. لێرەدا بۆزان رای وایە چەند دەوڵەتێکی کەم لەجیهان نەبێ زۆربەی ئەوانیتر توشی ئەم بارە بونەتەوە. بۆزان هەڕەشەی تیرۆریش وەکو هەلێک بۆ دەوڵەت دەبینێت بۆ دەستکراوەیی و بەکارهێنانی ئەجێنداکە بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێت بەهۆی رەوایەتی وەرگرتن لەگەلەوە بۆ پاراستنی لەهەڕەشە. هەڕەشەیەکی تر بۆ سیاسەتی دەرەوەیە کە دەوڵەت رەوایەتی بەخۆی دەدات بۆ پاراستنی تاک لە هەڕەشەی دەرەکی هەر کارێکی بوێ بیکات ( Buzan, 1983: 24-27).

بۆ کۆپنهاگن ئاسایش واتە مانەوە لەژیان. بەلای ئەم قوتابخانەیەوە کاتێک پرسێک بە ئاسایش هەژماردەکرێت کە مەترسی هەبێت لەئێستادا وپێویست بکات کە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لێرەدا تیۆرستەکانی کۆپنهاگن لەنێوان ریالیستە نوێیەکان وکۆنستراکتڤیستی کۆمەڵایەتین لەهەمان کات پێچەوانەی بۆچوونی کۆنی قوتابخانەکەیانن. لەگەڵ ئەوەش تیورستە نوێیەکانی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ ئەوەنین کە هەموو پرسێکی کۆمەڵایەتی بە ئاسایش بکرێت. بەگشتی کۆپنهاگن ئاسایش بە نەرێنی دەبینێ کە لەئەنجامی هەڵەیە یان شکستی سیاسەتی ئاسایی هاتۆتەکایەوە (Diskaya, 2013: 2-3).

رەخنەگران پێیان وایە کە قوتابخانەی کۆپنهاگن بەهۆی بەئامانجگرتنی سێکتەرەکان، لەگرنگی و

رۆڵی ئاسایشی کەمکردۆتەوە و ئەم پرسەیان تەنها بە سیاسییەکان سپاردووە. لایەنگرانی قوتابخانەی ئێبەرزتویز پێیان وایە کەپێوستە ئێمە بزانین کە چۆن مەترسیەکان دروست دەبن و دەبنە هەڕەشە و ئەگەرەکان چین بۆ کێشەکانی ئاسایش؟ (Diskaya, 2013: 5-6). بەپێچەوانەی کۆپنهاگن، کێشەی گەورەی ئێبەرزتویز لەگەڵ ریالیزمە بەتایبەتی لەکاتی جەخت کردنەوە لەسەر بوونی دوژمن و ناسەقامگیری و نادادپەروەری و هاوشێوەکانیان (Diskaya, 2013: 6). بەپێچەوانەی ئێبەرزتویز، کۆپنهاگن لە گفتوگۆکانیاندا چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی نائاسایشی- ناخاتەڕوو، لەکاتێکدا قوتابخانەی رەخنەگەرایی هەوڵدەدات داهاتوویەکی کۆنکرێتی بخاتەڕوو (Diskaya, 2013: 7).

قوتابخانەی ئێبەرزتویز لەژێر کاریگەری تیوری رەخنەی (Critical Theory)و تیوری مارکسی- و قوتابخانەی فرانکفۆرتن (Diskaya, 2013: 3). توێژەرانی ئەم قوتابخانەیە، کین بۆس (Ken Booth) و ریچارد واین (Richard Wyn) پێیان وایە کە تێگەیشتنی ریالیزم لە ئاسایش لەژێر بایەخی چەمکەکانی هێز و خۆسەپاندن هەرگیز تێگەیشتنێکی دروست نیە بۆ ئاسایش (Diskaya, 2013: 3-4). بۆ ئەم دوو توێژەرە، سەروەری دەوڵەت بەمانای ئاسایشی- تەواو نیە، بەڵکو تەنها یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئاسایشە. پێیانوایە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو ئەوەندەی خەڵک بەهۆی حکومەتەکانیانەوە مردون، بەهۆی جەنگی دەرەوە لەگەڵ وڵاتانی تر نەمردوون. ئاسایشی- دروست و تەواو بەلای بۆسەوە ئەوکاتە دێتەدی کە خەڵک و گروپەکان ئەوانیتر بێبەش نەکەن. پێیوایە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی تەواو دەبێت لە واتای رزگاری تێبگەین. بۆس وای بۆ دەچێت کە رزگاری و ئاسایش دوو ڕووی یەک دراون. رزگاریش لەئەنجامی پێشکەوتن و بەرگری سیاسی دێتەکایەوە. بەلای توێژەرەکانی ئێبەرزتویز، هەر هەڕەشەیەك کاریگەری نەگەتیڤانە دروست بکات لەسەر مرۆڤ و ئازاری بدات بەهەڕەشەی سەر ئاسایش دادەنرێت (Diskaya, 2013: 4). بەگشتی بۆس و واین پێیانوایە، چەمکەکانی هێز، باڵادەستی دەسەڵاتی دەوڵەت و دیسپلینکردنی کۆمەڵگە بۆ دابینکردنی ئاسایش هەڵەن. هەروەها نابێ درك بەوە نەکەین کە دیاریکردنی چەمکەکانی ئاسایشی لەلای شیکەرەوە کلاسیکیەکان تێك دەکاتەوە لەگەڵ گرنگی پێدانی چەمکەکانی نیو-ڕیالیستەکان وەکو، هێزی سەربازی، باڵادەستی دەوڵەت، چارەسەری سەربازی.

لەلایەکی ترەوە، بەشێک لەتوێژەران جەخت لەسەر ئاسایشی- ناسنامە دەکەنەوە. کۆنستراکتیڤیستەکان پێیانوایە کە بۆ تێگەیشتن لەبەرژەوەندی دەوڵەت دەبێ ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەم دەوڵەتە بخوێنینەوە (McDonald, 2008: 62) ، چونکە بەلای کۆنستراکتیڤیستەکان ئاسایش گشتێک (Context)ە لە بونیادی کۆمەڵایەتی. توێژەرانی ئەم تیۆرە باوەڕیان وایە کە ئاسایش بریتیە لە دانوستاندن لەنێوان سەرکردەی سیاسی و خەڵک لەناوخۆ لەهەمان کات لەنێوان لایەنە سەرەکیەکان کە جیاوازیان هەیە لە چۆنیەتی ئەدا و مامەڵە بە بەهاکان (McDonald, 2008: 64). بەبڕوای رۆ، یەکێک لەکێشەکانی ئاسایش بریتیە لەکێشەی ناسنامە لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەت کە کاریگەری هەیە لەسەر یەکگرتویی دەوڵەت (Roe, 2005: 3) کە بەهەمان چەشن بەلای شارەزایانی ئاسایشی- ئابووری ئامانجی گرنگ و سەرەکی بریتیە لە ناسنامەی یەکگرتوویی دەوڵەت کە ئەمە ئەرکی سەربەخۆی دەوڵەتە (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 22).

بەگشتی، چەندین توێژەر پۆلێنی جۆرەکانی هەڕەشەی ئاسایشیان کردووە. بۆنموونە باری بۆزان کە بەگەورە تیۆرستی ئاسایش دادەنرێت، پێنج ئاستەکەی ئاسایشی- بۆ گرنگپێدان بەم شێوەیە پۆلێنکردووە (سەربازی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، و ژینگەیی) (See Buzan, 1998). لەلایەکیترەوە، ڕێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکان لەساڵی 2004 شەش هەڕەشەی جددی ئاسایشی- دیاری کردووە ئەوانیش، یەکەم، هەڕەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەکو هەژاری. دووەم، نەخۆشیە بەربلاو و کوشندەکان. سێیەم، پیسبوونی ژینگە. چوارەم، ململانێ ناوخۆییەکانی دەوڵەتان وەکو شەڕی ناوخۆ و جینۆساید. پێنجەم، چەکی بایۆلۆجی و ئەتۆمی. شەشەم، تیرۆرزم و کوشتن و بڕین (Williams, 2008: 8). لەگەڵ ئەمانەی سەرەوە، مویوا أفولابي (Muyiwa Afolabi) حەوت رەهەندی دیاری کردووە وەک هەڕەشەی ئاسایشی مرۆیی، ئەوانیش، ئاسایشی ئابووری، تەندروستی، خۆراک، ژینگەیی، کەسی، کۆمەڵی و سیاسییە (Afolabi, 2015: 5-7).

دوابەدوای دراسەکردنی ئەم پۆلێنبەندیانە، بەپێی سروشتی هەرێمی کوردستان و ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی خەڵک، سیستمی سیاسی و خاکەکەی دەبێتەوە، پۆلێنبەندییەکی نوێمان خستۆتەڕوو تاوەکو لەبەشی داهاتوو وەکو نەخشە ڕێگایەکی زانستی باس لەهەڕەشەکانی سەر هەرێم بکەین:

یەکەم: ئاسایشی سەربازی: ئەمە جەخت لەسەر هەردوو توانای بەرگری و هێرش بردن لەلایەن دەوڵەت دەکاتەوە (Williams, 2008: 3-4).

دووەم: ئاسایشی- سیاسی: جەخت کردنەوەیە لەسەر سەقامگیری و ڕێکخراوەیی دەوڵەت و سیستمی حکومەت و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە شەرعیەتی پێوەرگرتووە بۆ حوکمکردن (Williams, 2008: 3-4). بەلای بۆزانەوە، ئاسایشی سیاسی بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی مەترسییە سیاسییەکانە لەسەر دەوڵەت، چونکە دەبنە هەڕەشە لەسەر ڕێکخستن و سەقامگیری دەوڵەت. ئەم توێژەرەی ئاسایش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەولەویەتی ئاسایشی- سیاسی بەدواداچوونە بۆ سیاسەتی تایبەتی حکومەت (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 142). بۆیە پێیوایە کە ئاسایشی سیاسی بریتیە لە ڕێکخستن و سەقامگیری کۆمەڵایەتی. مەترسی و هەڕەشەکانی سەر سەروەری دەوڵەت لەنێو هەناوی ئاسایشی سیاسیەوە هەڵدەقوڵێن. ئاسایشی سیاسی جەخت لەسەر دوو ئاراستەی تایبەتی دەکاتەوە بەلای ئەم توێژەرە، یەکەمیان هاوسەنگی و مەترسیەکان لەسەر یەکێتی دەوڵەت. دووەمیش، بەرگری لە سیستمی سیاسی وڵات. ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرەی ئاسایش کار دەکات لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و داوکارییە ڕەواکانی تاکەکان (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 141)). وەکو بەرجەستەکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی تاکەکان و مافی خۆپالاوتن، دەنگدان، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ...هتد (ڕەوشەندل، ٢٠١٠: ٢٠٣).

سێیەم: ئاسایشی ئابووری: بوارەکانی سەرچاوەی سروشتی، دارایی، و بازاڕەکان و خۆشگوزەرانی و هێزی دەوڵەتە (Williams, 2008: 3-4). هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر ئابووری زۆر جدین لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم. گرنگترینیان بریتین لە هەژاری، بێکاری، خراپی داهات و قەرزاری (Afolabi, 2015: 5). کارۆلین تۆماس (Caroline Thomas) پێی وایە کە هەژاری ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە. دەڵێ لەڕاستیدا ئاسایش و هەژاری هاوتەریین و بابەتەکانی وەکو خواردن، چاودێری

تەندروستی، پەروەردە، ماڵ، هەلی کار و بواری تری هاوشێوە دەتوانن کاریگەری بنوێنن لەسەر سەقامگیری و بەپێچەوانەوە ئەمانە دەبنە هۆکاری تاوان، ترس، دڵەراوکێ و نائاسایشی- لەوڵات (Thomas, 2008: 248). لەگەڵ ئەمانەشدا، دەکرێت ئاسایشی سامانی سروشتی و ئاسایشی وزە وەکو یەکێک لە گرنگترین بوارەکانی ئاسایشی ئابووری هەژمار بکرێن بەتایبەت لەوڵاتانی بەرخۆر(ریعی)ی نەوت و غاز و لەبەرامبەردا بۆ وڵاتانی پیشەسازی لەبواری بەکارهێنانی پیشەسازی و گەرمکردنی ماڵ و چەندین بواری تر.

چوارەم: ئاسایشی کۆمەڵایەتی: بایەخدانە بەزمان، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئاین، عادات و تەقالید و ناسنامەی نەتەوەیی (Williams, 2008: 3-4). تەنانەت لەناو راپۆرتی ئاسایشی- نەتەوەیی ساڵانە، سوید بایەخی بە متمانەی کۆمەڵایەتی داوە، چونکە پێیان وایە کە ئەم متمانەیە هەم کۆمەڵگە بەهێز دەکات و هەم کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزبوونی متمانەی سیاسی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت کە ئەمەش بۆ ئاسایش گرنگە (Government offices of Sweden, 2017: 14). بوزان لەباسی ئاسایشی تاک دێتە سەر باسی هەڕەشە کۆمەڵایەتیەکان. پێی وایە لێرەدا چوار هەڕەشە هەن؛ یەکەم، هەڕەشە فیزیکییەکان (ئازار، برینداری، مردن). دووەم، هەڕەشە ئابورییەکان (گلدانەوە و روخانی موڵک، کارکردن و گەیشتن بە سەرچاوەکان). سێیەم، هەڕەشەی سەر مافەکان (هەڕەشەکانی سەر مافە مەدەنی و ئازادییەکان). چوارەم، هەڕەشەی سەر پێگە و ئاستەکان (دابەزاندنی کەسایەتی و ئابڕووبردن) (Buzan, 1983: 19-20). لەهەمان راپۆرتی ساڵانەی دەوڵەتی سوید بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هاتووە کە بەهاکانی بیروڕای ئازاد و رادەربڕین و ئازادی و میدیای ئازاد، خوێندن و ئەندامبوون و دروستکردنی رێکخرا وسەندیکا، مافەکانی تری مرۆڤ و بنەماکانی دیمۆکراسی دەبێ پارێزراوبن وەکو بنچینەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی سوید هەروەها بۆ ئەم مەبەستە بایەخ بە زیادکردنی داهاتی ناوخۆیی تاکەکان دراوە (Government offices of Sweden, 2017: 13-15). ئەگەر بەپێی شیکردنەوەی بۆزان بێ، دەوڵەتیش هەڕەشە بێت لەسەر تاک دیسان هەڕەشەکە کۆمەڵایەتیە، چونکە دەوڵەت بەدەست چەند تاک و گرووپێکەوەیە (Buzan, 1983: 20). ئاسایشی- هاوسەرگیری و وەچە خستنەوە و رێژەی دانیشتوان یەکێکی ترە لەبوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە بایەخی پێ دەدرێت.

پێنجەم: ئاسایشی- تەندروستی: لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە، هەڕەشەی تەندروستی گەورەترین هەڕەشەی سەر ئاسایشی- هەرێم و جیهانە. رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) رایگەیاند کە دەبێت ڤایرۆسی کۆرۆنا (Coronavirus) وەکو دوژمنی یەکەمی مرۆڤایەتی بناسێنرێت. سەرۆکی رێکخراوەکە بەهەستکردن بەمەترسی جددی ئەم ڤایرۆسە لەدوای دیداری ٤٠٠ پسپۆڕو توێژەری ئەم بوارە، رایگەیاند کە " ئەم هەڕەشە زۆر بەهێزترە لە هەڕەشەی تیرۆرستی". هەندێکیان پێشبینی ئەوەیان کردووە کە ٣/٢ ی جیهان توشی ئەم ڤایرۆسە بێت. بەبڕوای پرۆفیسۆر گابرێڵ لونغ (Gabriel Leung) لەزانکۆی هۆنگ کۆنگ، رێژەی ٦٠% بۆ ٨٠% خەڵک لەجیهان لەژێر مەترسی ئەم ڤایرۆسە دەبێت (See Ghebreyesus, 2020). بەرپرسانی حکومەتی سویدی بۆ ستراتیژی ئاسایشی- وڵاتەکەیان پێش باسکردنی بوارەکانی سەربازی، ئاماژە بە ستراتیژی تەندروستی دانیشتوان دەکەن (Government offices of Sweden, 2017: 6). جگە لەڤایرۆس و نەخۆشییە کوشندەکان، کەرتی

تەندروستی تایبەت و گشتی، کوالێتی دەرمان و بازرگانی ئەم بوارە و چەندین کێشەی تری تەندروستی وەکو هەڕەشە هەژمار دەکرێن.

شەشەم: ئاسایشی ژینگەیی: ئەمەش دڵنیابوونەوەی جەماوەرە لەو کەش و هەواو و ژینگەیەی کە تێیدا دەژیت. لەسەردەمی ئێستادا کۆمەڵێک هەڕەشەی جددی سەریهەڵداوە لەسەر ژینگە وەکو پیسبوونی کەش و هەوا، کونبوونی بەرگی ئۆزۆن، دابارینی ئەسیدەکان، داخورانی خاک و بە بیابان بوون، لەناوچوونی جەنگەڵەکان و پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و چەندین هەڕەشەی تر (ئەحمەد، 2020: 124، Williams, 2008: 3-4). لەلای بوزان و هاوەڵەکانی، لەبواری ژینگەیی، هەوڵەکان بۆ پاراستنی مرۆڤ و کەش و هەواو و ژینگە و پاراستنی رووەک و دوورکەوتنەوە لە پیسبوونە (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 23).

حەفتەم: ئاسایشی خۆراک: ئاسایشی خۆراک بەو مانایە دێت کە هەموو خەڵک لەهەموو کاتێکدا خۆراکی پێویستیان پێ بگات. لێرەدا هەڕەشەکان بریتین لە برسیەتی، نەبوونی خۆراکی پێویست و کەم هەروەها خراپی جۆری خۆراکەکان (Afolabi, 2015: 5).

هەشتەم: ئاسایشی ئەلیکترۆنی: ئاسایشی ئەلیکترۆنی (Cyber Security)، بەیەکێک لەمەترسیەکانی سەر ئاسایشی وڵات دادەنرێت. ئەم هەڕەشەیە لەسەر شوێنە هەستیارەکانی وڵات دروست دەبێت بەتایبەت لە تۆڕەکانی پەیوەندی، هاککردنی کۆمپیوتەر، سیستمی بەرگری حکومەت. ئەمڕۆ لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکان خەڵک و حکومەت پشتیان بەستووە بە سیستمی ئینتەرنێتی تەنانەت بۆ خواردن، گواستنەوە، چاودێری تەندروستی، خزمەتگوزاری وزە، پۆلیس و چالاکی سەربازی و چەندین بواری تر (Government offices of Sweden, 2017: 18).

نۆیەم: ئاسایشی ئاو: ئەم جۆرە لەپێناو پاراستنی سامانی ئاو و بەهێزکردنی سیستمی ئاو بۆ بواری مرۆیی، ژینگەیی، خۆراک و پیشەسازی کاردەکات. ئەم بوارەی ئاسایش، گرنگی دەدات بەو زیان و هەڕەشانەی لەسەر ئاو هەیە، هەروەها چۆنیەتی دابەشکردنی ئاو و هاوسەنگی لەنێوان رێژەی ئاوی بەردەست لەگەڵ زیادبوونی پێویستی ئاو و گەورەبوونی شارەکان و پێشکەوتنی پیشەسازی بەگشتی (Schultz and Uhlenbrook, 2007: 1, and Marttunen, Mustajoki, Sojamo, Ahopelto, and Keskinen, 2019: 1). جگە لەمانەش، ئاو وەکو ئامرازێک و چەکێکە بەدەستی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی رێژەیەکی زۆری سەرچاوەی ئاوین بۆ دروستکردنی فشار و هەڕەشە لەسەر وڵاتانی تر.

دەیەم: ئاسایشی پەروەردە و خوێندن: پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان پەروەردە و خوێندن لەگەڵ ئاسایش. ئەو بەها رەوشتی و کۆمەڵایەتیانەی لەناو رێبازەکان و پرۆسەی فێربوون دادەنرێن، کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بونیادی رەوشتی تاکەکان و دواتر بیروبۆچوونی تاکەکان بەرامبەر یەکتری و گیانی لێبووردەیی یان توندوتیژی بەرامبەر نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان بەگشتی (Al-Edwan, 2016: 147-148). کۆمەڵێک توێژەر لە پەیمانگەی تۆنی بلێر بۆ گۆڕانی جیهانی بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە پەروەردە زادەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ئەو گروپەیە کە دەستیان بەسەر کۆمەڵگەدا گرتووە. هەر لەوێ تاک فێری ئەو مەعریفە و زانیاریانە دەبێت. ئەمە جگە لەوەی پەروەردەی نافەرمی وەکو خوێندنی ئاینیی، پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن، رۆژنامەکان، کتێبەکان،

گۆڤارەکان، سۆشیال میدیا و چەندین کەناڵی تر (Ghosh, Manuel, Chan, Dilimulati, and Babaei, 2016: 10) پێکەوە ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسایەتی تاک و شێوازی ئاراستەکردنی دەبێت.

### 2-3- ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی کۆمەڵگە

ئاسایشی کێ؟ دەوڵەت یان کۆمەڵگە؟ ئەمە پرسیاری زۆربەی توێژەرانی ئاسایشییە و تاوەکو ئێستا گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت. لەڕاستیدا، وەکو لەپێشتر باسکرا نەریتخوازەکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی دەوڵەت بەسەنتەری گرنگیدانی ئاسایشی- دادەنێن نەک کۆمەڵگە (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 3)، هەروەها توێژەران جەخت لەسەر بواری سەربازی دەکەنەوە بۆ پاراستنی دەوڵەت، ئینجا بوارەکانی تری کیانی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا داوای ئەوە دەکەن کە دەبێت هەڵسەنگاندن و پێشبینی بکەن بۆ بارودۆخی هەڕەشەکان کە دەبنە مەترسی لەسەر کیان و مانەوەی سیستمی سیاسی و حکومەت (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 22). واتە هەتا تەواو بوونی جەنگی سارد ڕوون بوو کە مانەوە و پاراستنی دەوڵەت ئاسایشی یەکەم بوو، بەڵام دوای ئەم جەنگە ئەم پێشەنگیەی دەوڵەت بۆ بایەخی ئاسایشی توشی ئاڵنگاری (Challenge) هات، چونکە بەشێک لەتوێژەران ئەوەیان خستەڕوو کە بەبێ بابەتە مرۆییەکان و مافەکانی تاک ئاسایش هیچ گرنگیەکی نیە و ئەم گرنگیدانە وردە وردە بەرزبووەوە هەتا بوو بەناونیشانی (ئاسایشی مرۆیی). ئەمانە پێیان وابوو کە ئاسایش بریتی نیە لە چەک، بەڵکو بریتیە لە شکۆی مرۆڤ. ئاسایش بریتیە لە ڕێگری لەمردنی منداڵ و ڕێگری لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی، ڕێگری لە تەقینەوەی ململانێی ئیتنیکی و نەتەوەیی (وەکو عێراق، لوبنان، یەمەن، سووریا) ...هتد. (Williams, 2008: 7). بۆ نموونە، سەرۆک وەزیرانی سوید لەراپۆرتی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی بۆ ساڵی ٢٠١٧، پێی وایە هەڕەشەی سەر خەڵک تەنها هەڕەشەی سەربازی نیە کە ئەرکی سەرەکی حکومەتە، بەڵکو هەڕەشەی نەخۆشی، تیرۆر، تاوانکاری، ڕێگاوبان، خۆراک، وزە، گۆڕانکاری کەش و هەوا و چەندین کێشەی تر وەکو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خەڵکی وڵاتەکەی هەژمار دەکات (Government offices of Sweden, 2017: 3)، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ئاسایشی- کۆمەڵگەیان بەپێش ئاسایشی سەربازی دەوڵەت خستووە.

هەندێک لە توێژەران هەردوو ئاسایشەکە (کۆمەڵگە و دەوڵەت) تێکەڵ دەکەن. بۆ نموونە، هەندێک ئایدیای دەوڵەت خۆی پەیوەست دەکەن بە ئاسایشی- نەتەوەیی و کۆمەڵگە. پێیان وایە ئامانجی دەوڵەت پاراستنی ئەمەیە. لێرەدا پەیوەندی بەهێز لەنێوان دەوڵەت و نەتەوە و کۆمەڵگە دەخەنەڕوو. دەڵێن "نەتەوە پێناسە دەکرێت بە گروپێکی گەورەی خەڵک کە هاوبەشی کولتووریی، ڕەگەزیی و میراتی هەیە لەنێوانیان و لەهەرێمێکی دیاریکراو دەژین". بۆزان دەڵێت ئەگەر دەوڵەت و نەتەوە دوو ڕووی یەک دراوبن، ئەوا ئامانجی سەرەکی دەوڵەت پاراستنی ئەو قەوارە کولتوورییە (Buzan, 1983: 45). کەواتە دەوڵەت کە پارێزگاری لەخۆی دەکات، لەهەمان کات ئەمە پارێزبەندی نەتەوە و کۆمەڵگەشە. بەهەمان شێوە، د. عمر احمد قدور پێی وایە دەوڵەت سێ کۆڵەگەی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئاسایش هەیە وەکو یەکەم، پاراستنی قەوارەی سەربەخۆی دەوڵەت لەهەڕەشە

دەرەکیەکان. دووەم، پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ لەرێگەی هەوڵی دەزگاکانی دەوڵەت بۆ هاریکاری دەزگا ئاسایشییەکان. سێیەم، رەنگرێژی و بەرنامەی ستراتیژی بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هێنانەکایەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەران (قدور، ٢٠٠٩: ٣١-٣٢)، واتە دیسان دەوڵەت لەیەک کات هەردوو ئاسایشەکە دەپارێزێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەولەویەتدان بەم پرسە ئاسایشیانە لەهەموو شوێنێک وەکو یەکتر نیە و لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە بۆ (ئێران، سعودیە، بۆرما) بەپێچەوانەی (فەرەنسا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ئاسایشی ئاین و مەزهەب پێشینەی یەکەمی هەیە یان بۆ ئاسایشی کولتوور، ئێران و رژێمەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بەپێچەوانەی بەریتانیا و هۆڵەندا بایەخیان بەم بوارە داوە (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 23-24). هەندێك لەووڵاتان، ئەولەویەتی زیاتر دەدەن بەئاسایشی دەسەڵاتداران و چینی حوکمڕان یان نەتەوە و ئاین و مەزهەب لەجیاتی ئاسایشی خەڵك وەکو سووریا، عێراق، ئێران و تورکیا، ئەوەندەی بایەخ بەئاسایشی ناسنامەی نەتەوەیی، چینی حوکمڕان و مەزهەبێکی ئاینی دیاریکراو دەدەن ئەوەندە بایەخ بە ئاسایشی- کۆمەڵگە نادەن، لەبەرئەوەشە کە لەکەشێکی نائاسایشی دەژین. کەواتە، هەندێکجار دەوڵەت خۆی دەبێتە هەرەشە لەسەر نەتەوەکانی تری بەشدار لەدەوڵەتەکە کە ئامانجی پاراستنی نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتە بۆ پارێزگاری لەنەتەوەکە و دواتر دەچێتە چوارچێوەی فاشیزم کە کاردەکات بۆ سەرتربوون یان وورد و خاشکردنی بەها و ناسنامەی نەتەوەکانی تر لەپێناو گەورەکردنی نەتەوەکەی خۆی وەکو حزبی بەعس دەیکرد دژ بەکورد لەعێراق و سووریا یان تورک دژ بە کورد لە تورکیا.

لەلایەکی ترەوە، بۆزان دەڵێت بەپێی مۆدێلە کۆنەکەی دەوڵەت نەتەوە بێت دەبێت هەر نەتەوە و دەوڵەتی هەبێت وەکو ژاپۆن، ئەڵمانیا، بەڵام خۆ نەتەوە هەیە دەوڵەتی نیە وەکو کوردەکان (بۆزان لەزۆربەی کتێبەکانی کورد بەنموونە دەهێنێتەوە). هەروەها دەوڵەت هەیە زیاتر لەنەتەوەیەکی تیایە وەکو هیندستان و نێجیریا و بەریتانیا هەروەها نەتەوە هەیە زیاتر لە دەوڵەتێکی هەیە وەکو نەتەوەی کۆری (Buzan, 1983: 45) یان نەتەوەی عەرەب کە دەیان دەوڵەتیان هەیە. لەڕاستیدا، بەگوێرەی تیۆری ئەڵمانی بۆ نەتەوە، دەوڵەت ناتوانێت نەتەوە دروست بکات، بەڵکو هەردەبێ نەتەوە دەوڵەت دروست بکات.

تاکو ئێستا ئەولەویەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و تەنانەت پارچەکانی تر بریتیە لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی. پسپۆڕانی ئاسایشی بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە سنورەکانی دەوڵەت و کۆمەڵ بەدەگمەن وەکو یەکن. توێژەرانی بواری ئاسایش بەتایبەت باری بۆزان، کورد وەکو نموونە دەهێنەنەوە کە چۆن ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی کورد لەسەر ئەو پارچانەی دابەش بوون ناتوانین وەکو یەک سەیر بکەین کە مەبەست ئەوەیە دابینکردنی ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی کۆمەڵی[1] لێکتر جیاوازن و

[1] بەلای بۆزانەوە ئاسایشی کۆمەڵی (Societal Security) و ئاسایشی کۆمەڵایەتی (Social Security) هەمان شت نین. ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری تاکەکان، بەڵام ئاسایشی کۆمەڵی پەیوەندی بە ناسنامەوە هەیە (See Buzan, Waever, and Wilde, 1998, P. 120).

ناتوانین وەکو یەک سەیریان بکەین. ئەمانە باس لەوە دەکەن کە ئەو دسپلین و یاساو رێسایەی دەوڵەت دەیگرێتەبەر بەرامبەر بە دەزگاکانی و کارمەندانی، ناتوانێت هەمان میتۆد بەکاربێنێت بۆ تاکە مەدەنییەکان (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 119). رۆ پاوڵ (Roe Paul)یش بۆ ئەم مەبەستە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە یەکێک لەهۆکارەکانی هەڕەشەی ئاسایشی- و بەردەوامی ململانێکان بریتیە لە چارەسەرکردنی کێشە بۆ ماوەیەکی کاتی (Roe, 2005: 3). بۆنموونە هەموو ئەو چارەسەرە کاتیانەی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بیگرە هەتا ئەمڕۆ، نەیتوانیوە پرسی کورد لەو وڵاتانە چارەسەر بکات و هەر ئەمەش گەورەترین هەڕەشە بووە لەسەر خودی ئاسایشی وڵاتەکە.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەی سەرەوە، لە کۆتایی جەنگی ساردیش و تائیستەش وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراسی بەرگری لەدەوڵەتیان بە پلەی یەکەمی ئاسایشی- داناوە (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 22). هەرچەندە پێش جەنگی سارد سێکتەری سەربازی پێشکەوت و دواتر لەدوای جەنگ سێکتەرەکانی تر گرنگیان وەرگرت، بەڵام ئێستا بەتایبەت لەدوای دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم، بواری سەربازی و بەتایبەت ئەو پێشکەوتنەی لەبواری تەکنۆلۆژیای سەربازی دروست بووە، بۆتە ئەولەویەتی یەکەمی دەوڵەتە زلهێزەکان و تەنانەت دیموکراسییەکان. ئینجا بواری تەکنۆلۆژیا و بواری سەربازی ئاوێتە بوون و بۆ ئاسایش دەبێ ئەم بوارەش جێگەی بکرێتەوە. ئەمڕۆ ناکۆکیەکان وایکردووە زیاتر لەجاران بودجەی سەربازی خەرج بکرێت بۆنموونە چین (٣٧٠) ملیار، وڵاتانی ئەوروپا (٣٢٠) ملیار و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٤٧٩) ملیاریان لە ساڵی ٢٠١٩ خەرج کردووە بۆ بواری تەکنۆلۆژیای سەربازی. ئیستە سەرجەم شۆڕش و چالاکیەکانی چەکداری لە وڵاتانی لاواز و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچوارچێوەی قوربانی دەسوڕێنەوە. ئیسرائیل بەتەنها بەهۆی تەکنۆلۆژیای سەربازی ماوەتەوە و توانیویەتی بەرگری لەکیانە سەربەخۆکەی بکات و تورکیا (٣٦) ساڵە لەدژی پەکەکە دەجەنگێت بەهۆی تەکنۆلۆژیای سەربازی. پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە کام ئەزموون سەرکەوتووترە، کۆریای باشوور کە وازی لەجەنگ هێنا و سەرگەرمی پێشکەوتن و دیموکراسی بوو یان کۆریای باکوور کە نیو سەدەیە سەرقاڵی کێبرکێی تەکنۆلۆژیای جەنگ و چەکی ئەتۆمیە؟ سیستمێکی تۆتالیتاری دەسەپێنێت و خەڵکی هەژار بەزەبر رادەگرێ لەکاتێکدا خەڵکەکە ئاواتیانە وەکو هاونەژادەکانیان لەکۆریای باشوور بژین (بڕوانە بەختیار، ٢٠٢٠). بۆیە لەگەڵ ئەوەی پرسەکانی ئاسایشی_ کۆمەڵگە و مرۆیی بایەخیان وەرگرتووە، بەڵام ئاسایشی_ سەربازی هێشتا هەر لە ئەولەویەتدایە.

ئەمانەش بەڵگەی ئەوە دەدەنە ریالیستەکان کە گوتیان چەک و هێز ئاسایش دەپارێزێ، چونکە لەماوەی جەنگی ساردەوە تاتەواو بوونی و بگرە ئیستەش ئەو وڵاتانەی خاوەن چەکی ئەتۆمین خاوەن بڕیار و کاریگەرین و وڵاتانی تر ناتوانن بەئاسانی داگیریان بکەن یاخود ئاسایشی- ناوخۆی وڵاتیان تێک بدەن و وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆم توانیویانە بەهۆی ئەم چەکەوە ئاسایشی- وڵات لەرووە سەربازیەکەی بپارێزن و قەوارەی دەوڵەتەکە بمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە ئەمریکا بە ئاسانی عێراق و ئەفغانستانی داگیر کرد، بەڵام ناتوانێت کۆریای باکوور داگیر

بکات و ئامادەشە سازشی بۆ بکات تەنها بۆ ئەوەی لەگفتوگۆ دیپلۆماسیەکان بەشداربێت لەگەڵ ئەمریکا. ئەمە و چەندین ئارگیومێنتی تر دەتوانن پاڵپشتی ریالیستەکان بکەن بۆ ئەوەی بگوترێت کە چەکی ئەتۆمی و پێشکەوتوو دەتوانێت پارێزگاری لە قەوارەی سیاسی دەوڵەت و کیانە سیاسیەکەی بکات.

### 3 - چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە

### 3-1- میتۆدی توێژینەوەکە

#### 3-1-1- میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Method)

ئەم توێژینەوەیە بەپشتبەستن بە رێکارەکانی میتۆدی چۆنایەتی، توانیوەتی زانیارییەکان کۆبکاتەوە و بە میتۆدی وەسفی – شیکاریش شرۆڤەی بابەتەکان بکات بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

لێکۆڵینەوەی بار (Case Study)ی توێژینەوەکە بریتیە لە هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەمەشدا، میتۆدی چۆنایەتی بەپێویستی دەزانێت کە سەرەتا دیاردەکە بەتەواوی بناسرێت و دواتر جۆرەکان و بەشەکانی دیاری بکرێت (Cropley, 2019: 70-72). واتە پێویستە ئێمە بە گرنگیەوە بروانینە باسکردنی دیاردەی ئاسایش و هەرەشەکانی، دواتر بەگوێرەی رێکارەکانی ئەم میتۆدە، هەرەشەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دیاری بکەین. ئەم میتۆدە رێنمایی توێژەر دەکات کە بۆ گەیشتن بەزانیاری دروست بەشێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content analysis)، شیکردنەوەی گفتوگۆ (Conversation analysis) و شیکردنەوەی گوتار (Discourse analysis) کاربکات (Jackson, Drummond, and Camara, 2007: 23-24) کە هەریەک لەمانە گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو بۆ ئەم توێژینەوەیە. چەند میکانزمێک دەخاتەڕوو بۆ شێوازی وەرگرتنی زانیارییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان کەگرنگترینیان بریتین لە چاوپێکەوتن یان بەشداری لەرێگەی چاودێریکردن وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری. بۆ هەموو ئەمانەش چاوپێکەوتنی کراوە، ڤیدیۆ، تۆماری دەنگی، نوسین و دیکۆمێنت، داتاکانی دەستی دوو و چەندین ئامرازی تر بەکاردێن بۆ گەیشتن بەزانیاری (Cropley, 2019: 81-86).

#### 3-1-2- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بەشێوەیەکی زانستی پێویستمان بە ئامرازی چاوپێکەوتنی کراوە (Open interview) هەبوو، لەهەمان کات لەبەر هەستیاری بابەتەکە و پێویستی گفتوگۆی زۆر لەسەر ئەم پرسە لەناو ئەم میکانیزمەشدا چاوپێکەوتنی قوڵ (In-depth interview)مان بەکارهێنا. بەهۆی باروودۆخی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەکاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و ئاسانکاری بۆ ئامرازەکانی پەیوەندی، بەشێک لە گفتوگۆکانمان بەرێگەی ئەلیکترۆنی ئەنجامدراو تۆمارکران و داڕێژرانەوە، چاوپێکەوتنەکانی تر لەرێگەی بینینی روبەڕوو ئەنجامدران. رێککەوتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لە (٢٠٢٠/٨/٣١) دەستی پێکردو لە (٢٠٢٠/١٠/٤) کۆتاییان هات.

### 3-2- هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان

#### 3-2-1- ئاسایشی سەربازی

یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی بواری سەربازی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دامەزراوەکانەوە هەتاوەکو ئێستا هێزە چەکدارەکان لەژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکانن نەک حکومەت و دامەزراوەی فەرمی. بەبڕوای ساموێل هانتگتون هەرکات پارتی سیاسی پێش دامەزراوەکانی دەوڵەت لە وڵاتێک دروست بوو، ئەوا ئەستەمە کە ئەم دامەزراوانە بتوانن ڕێگە لەپارتە سیاسییەکان بگرن، بەڵکو هەمیشە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم پارتانە (See Huntington, 1968). ئەم گریمانەیە ڕێک لەهەرێمی کوردستان سەلمێنراوە، تاوەکو ئێستا دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن بەرپرسانی پارتە سیاسییە سەرەکیەکان بەڕێوە دەبرێن و لەبچوکترین کاردا بەرپرسی پارتەکان دەستوەردان دەکەن.

سەبارەت بە یەکگرتووی سەربازی و فەرمانی جوڵاندنی هێز، فەریق جمال ئیمنیکی سوپاسالاری هەرێمی کوردستان ڕای وابوو کە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان هێزی یاسایی و بارودۆخی واقیعی بۆ جوڵاندنی هێزە چەکدارەکان لەهەرێم، و یەکێک لە کێشە سەرەکیەکان ئەوەیە کە لەشکری کوردستان لەناو خودی دامەزراوەی فەرمیش بەسەر سێ هێز دابەش بوون ئەوانیش لیواکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، هێزی حەفتا و هێزی هەشتایە[1]. لەلایەکی ترەوە، بەرپرسانی فەرمی لەرووی پڕاکتیکیەوە نە توانای جوڵاندنی هێزیان هەیە و نەدەتوانن سزا و لێپێچینەوە و جێگۆڕکێ بە هێزەکان بکەن لە ناوچەکانی هەژموونی یەکتر. مستەفا سەید قادر وەزیری پێشووی پێشمەرگە و جێگری ئێستای سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ڕای وابوو نەبوونی یەکگرتوویی سەربازیی و فەرمانداری فەرمی بۆ جوڵاندن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە یەکێک لەپایە سەرەکییەکانی قەوارەیەکی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆیە. ئەم ئەزموونداره سەربازییانە ئەمەیان بەهەڕەشەیەکی جددی ناوبرد. پێیان وابوو کە هەرچەندە چەند ساڵێکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆردێکیان دروستکردووە لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە هێزەکانی پێشمەرگە تێکەڵ بکەنەوە و بیانخەنە ژێر فەرمانداری فەرمی. ئەمە پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمەوە هەیە.

سەبارەت بەبێ توانایی زاڵ بوون بەسەر هێزە نافەرمییەکان، شارەزاکانی ئەم بوارە هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە تائێستا پاشماوەی دوو ئیدارەیی هەیە و ئەمەش وایکردووە کە هێزێکی سەربەخۆ و دامەزراوەیی دروست نەبێت. پێیان وابوو کە پێشتر هێزەکان لەنێوان دوو پارتی سیاسی دابەش بوو بوون، ئێستا لەناو خودی پارتەکان کەسایەتی ئەوتۆ دروست بوون کە خاوەن هێزی سەبازی و ئابووری بەهێزن. ئەمەش وایکردووە کە حکومەت نەتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە، بۆیە ئەگەر بەربەستی پارتە سیاسییەکان نەبێت هێزە فەرمییەکان دەتوانن بەسەر ئەم هێزە نافەرمییانە زاڵ بن.

[1] جگە لەوەی ئەم هێزانە بە فەرمانی پارتە سیاسییەکان دەجوڵێن، هێزەکانی تری دەزگای ئاسایش و پاراستن و زانیاری و تەنانەت هێزی زێرەڤانی و پۆلیس و هێزەکانی تریش زۆربەیان لەژێر فەرمانی بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان هەم بەکاردێن و هەم لێپرسینەوە و جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت.

بۆ هەڕەشـەی سـەربازی، جێگری سـەرۆکی هەریـم، ئەم هەرێـمەی بە دوورگەیەک چواند کە هەرچواردەوری هەڕەشەی سەربازییە. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بـۆتە خـاوەن پـێگەی خـۆی، هێزەکانی دەوروبەر جگە لەوەی هەریەکەو هەڕەشەیەکە، پـێکەوە ڕێککەوتنیشـیان هەیە بـۆ ئەوەی هەڕەشەی بەکۆمەڵ بکەنە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە، بەمەزندەی پسپۆڕانی سەربازی هەرێمی کوردسـتان، ئەگەر هێـرش کـرایە سـەر هەرێمی کوردستان، چەک و مەشق و سەربازی پێویست نـیە بـۆ پارێزگـاری لەهەرێمـی کوردسـتان. هەرچەندە سوپاسـالاری هەرێمـی کوردسـتان پێـی وابـوو کە تـاوەکو ئێسـتا هەرێـم شـەڕی تیـرۆری کردووە، بەڵام ناتوانێت شەڕی وڵاتان بکات. بۆ نموونە هەرێم فڕۆکەی جەنگی و چەکی پێشکەوتووی نیە و ئەوەی هەشە لەلایەن وڵاتانەوە پێی دراوە. جێگری سەرۆکی هەرێم رای وابوو کە ئەوەی هەیە تەنها هێزی مرۆییە (ژمارەی چەکدارەکان)ە. ئەو هێـزە مـرۆییەش نەتـوانراوە بـاش مەشـق بکـرێن، ڕێکبخرێن و پەروەردەبکرێت لەرووی نیشتمانی و نەتەوایەتییەوە.

گرفتێکی تری سەربازی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە توانـای یاسـایی و دارایـی نـیە بـۆ ئەوەی چەکی پێویست بکڕێت. لەروانگەی وەزیـری پێشـووی پێشـمەرگە هەرێـم بـایی ئەوەی کە بتوانێـت هێزێک بۆ خۆی دروسـت بکـات، توانـای هەیە، بەڵام سوپاسـالاری هەرێمـی کوردسـتان بەربەسـتی یاسایی خستەڕوو کە دەبێـت حکومەتی ناوەندی عێـراق پەسـەندی بکـات، هەروەهـا پێـی وابـوو کە لەرووی داراییشەوە هەرێم تا ئێستا چەکی نەکڕیوە و ئەوەی هەیە هاوپەیمانەکان پێیانـداوە، پێشتر ٨ ملیار تەرخان دەکرا بۆ کڕینی چەک و کەلوپەلی سەربازی، چەند ساڵێکە بەهـۆی قەیـران تەنـانەت نەتوانراوە جلێکی یەکپۆش بۆ هێزەکان بکڕدرێت. بۆیە نەبوونی بودجەیەکی گەورە بۆ چەک یەکێـک لە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی سەربازییە.

شارەزا سەربازییەکان بەچەندین نموونە و بەڵگەوە ئەولەویەتیان دایە ئاسایشی- سـەربازی ئینجا بوارەکـانی تـری ئاسـایش. لەگەڵ ئەمەشـدا سوپاسـالاری هەرێمـی کوردسـتان هەردووکیـانی پـێکەوە پەیوەست کرد. بۆ نمـونە ئەگەر ئاسایشی- ئـابوری نەبێـت ناتوانرێـت ئاسایشی- سـەربازی دەسـتەبەر بکرێـت و بەپێچەوانەشەوە. لە١٦ی ئۆکتۆبەر کە ئاسایشی سەربازی توشی هەڕەشە بوو وایکرد کێشـە بۆ هەموو بارودۆخی هەرێم دروست بێت.

ئەگەر لەهەندێک وڵاتدا ئاسایشی سەربازی هاتـێتە خوار بوارەکـانی تـری ئاسایشـ، لەهەرێمـی کوردسـتان هێشـتا ئاسایشی- سـەربازی بە یەکەمـین سـەرچاوەی دابینکـردنی ئاسایشی- گشـتی وڵات دادەنرێـت لەبەر ئەوەی هەرێـم نەبـۆتە خـاوەن چوارچێـوەیەکی سـیاسی سـەربەخۆی دانپێـدانراو (دەوڵەتی سەربەخۆ)، هەروەها بەردەوام هەڕەشەی لەناوچوونی هەرێم لەئارادایە بەهۆی هەڵـکەوتە جۆگرافیەکەی و چەندین هۆکاری تر.

**3-2-2- ئاسایشی سیاسی**

ئاسایشی سیاسی کـاریگەری سـەرەکی هەیە لە سـەر هەمـوو بوارەکـانی تـری ئاسـایش. بۆنمـوونە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڕەشەیە لەسەر پاراستن و مانەوەی کیـانی سـیاسی هەرێمـی کوردسـتان.

بەلای پ.د. دلاوەر عەلائەددین نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بەربەستی دروست کردووە لەبەردەم هەرێمی کوردستان، هەرچەندە لەدەستوور وەکو کیانی فیدراڵی مافی پارێزراوە، بەڵام هەرێم ناتوانێت لەوە زیاتری دەست بکەوێت. ئەگەر هەرێمی کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەبەخۆبوایە ئاسایشی-سیاسی دەستەبەر دەبوو، هەروەها ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی ئێستا هەن کەمتر دەبوون.

سەقامگیری سیاسی بەشێکی تری گرنگی ئاسایشی- سیاسیە کە بەتێڕوانینی ئەبوبەکر کاروانی لەهەرێمی کوردستان بوونی نیە، چونکە پێی وابوو چەندین قەیرانی ئابووری و سیاسی هەیە و ناکۆکیەکی مێژوویی قوڵ لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیە، حکومەت لە ئێستادا کە لە سێ هێزی سەرەکی پێکهاتووە و دوانیان لەدڵەڕاوێکن لەنێوان کشانەوە و مانەوە، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەشێوەیەکی رادیکاڵانە دژی حکومەت وەستاون و هەندێکیان داوای روخانی حکومەت دەکەن. خەڵک لەحکومەت نیگەرانە و بێ متمانەیی زۆر بووە. لەتێڕوانینی عەلائەددین، ئێستا سەقامگیری سیاسی بەشێوەیەکی رێژەیی هەیە کە بەبەراورد بە پێشتر دەتوانرێت کاروبارەکانی تێدا راپەڕێندرێت، ئەگەرچی ترسی ئەوە هەیە کە لەهەرکاتێک هەرێمی کوردستان بەرەو ناسەقامگیری بڕوات.

سەبارەت بە رەوایەتی سیستمی سیاسی کاروانی رای وابوو کە پرسیار کەوتۆتە سەر ئەو رەوایەتیە، چونکە رەوایەتی تەنها هەڵبژاردن نیە و هەڵبژاردنیش بەپاکی ئەنجامنەدراوە و ساختەکاری زۆری تێدا کراوە و دواتر حکومەت بەڵێنەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک نەبردۆتە سەر و بە ئەرکە گرنگەکانی خۆی هەڵنەستاوە، بۆیە نارەزایەتیەکی زۆر لە حکومەت هەیە بەشێوەیەک کە لەهەڵبژاردنی رابردوو نزیکەی ٦٠%ی خەڵک زیاتر هەر بەشداری هەڵبژاردنی نەکرد. بەلای عەلائەددین، خودی هەڵبژاردن شتێکە و بڕیارەکانی لەدوای هەڵبژاردن دەدرێت شتێکی ترە، ئەگەر بڕیارەکان لەناو پەرلەمان بوایە یان لەناو حکومەت بوایە شەرعیەتی دەبوو وە رەوایەتی زیاتری لەلای خەڵک بەدەست دەهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستاش بڕیارەکان لەدەرەوەی پەرلەمان و حکومەت و دادگاکان بەردەوامە، ئەمە بنکۆڵی شەرعیەت و هەڵبژاردنیشە.

یەکێک لە هەرەشە سیاسیە گەورەکان مەترسی لێکهەڵوەشانەوەی هەرێمی کوردستانە کە بەلای عەلائەددین هێشتا هەڕەشە لەسەر یەکگرتووی هەرێم ماوە و بەردەوامیش دەبێت. لە ڕوانگەی ئەبو بەکر کاروانی یەکێک لەگرنگترین هەڕەشەکان لەسەر ناجێگیری سیاسی و لەسەر چەقبەستویی و گەشەنەکردنی سیاسی و بوونی گەندەڵی و نەبوونی دامەزراوەیی بوون لەهەرێم بریتییە لە نەبوونی یەکێتی و یەکگرتوویی هەرێم کە هەر بە ڕواڵەت هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە حکومەت لاوازە و شکست دەخوات لەجێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لەبەر ئەو کێشانە و فرە زۆنی و فرە دەسەڵاتیەی هەرێم کە ئەمە هۆکاریشە بۆ دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی و ئەم نایەکگرتوویە وایکردووە کە حکومەت نەتوانێ ببێتە نوێنەری راستەقینەی هەموو هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی.

پاراستنی ماف و ئازادییەکان لەهەرێمی کوردستان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت. بەتێڕوانینی دلاوەرعەلائەددین مافی تاک بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو پێشکەوتووە، بەڵام چونکە کەلێنی گەورە لەنێوان هاوڵاتی و دەسەڵات هەیە، بەهۆی سەروەرنەبووی یاسا زێدەڕەوی و نایەکسانی زۆر هەیە. ئەبوبەکر کاروانی رای وابوو کە شتێک بەناوی هاوڵاتی کوردستانی بوونی نیە، بۆ هاوڵاتی

کوردستانی دەبوو دەوڵەت هەبێت، بەڵام خۆ ئەو نیمچە دەوڵەتەی هەبوو دەیتوانی هاوڵاتی دروست بکات و مافە ڕەواکانی پێ بدات هەتاوەکو هاوڵاتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەرفەتی یەکسان لەبەرامبەر دامەزراوەکان بۆ هاوڵاتیان هەبێت، بۆیە ناسنامەیەکی یەکگرتووی هاوڵاتیبوون لەهەرێمی کوردستان بوونی نیە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک مافی وەکو بەشداری سیاسی و رادەربڕین، خوێندن و تەندروستی و ...هتد هەیە، کەچی لەبەر ساختەکاری و فشاری بڕینی موچە و پێدانی موچەی حزبی و چەندین فاکتەری تر لەناوەڕۆکەکەی بەتاڵ دەبێتەوە. لەکۆتاییشدا کاروانی گەندەڵی بەگەورەترین هەڕەشەی سیاسی ناوبرد.

### 3-2-3- ئاسایشی ئابووری

سیاسەت لەسەر پشتی ئابووری بەڕێوەدەچێت. ئاسایشی ئابووری پەیوەندی بەهێزی بەهەموو بوارەکانی تری ئاسایشی سەبازی، پەروەردە، تەندروستی و بوارەکانی ترەوە هەیە. بۆ نموونە لەدوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ کە نیوەی خاکی هەرێمی کوردستانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی سروشتی لەلایەن حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەردا گیرا، ئاسایشی-ئابووری هەرێم کەوتە مەترسی و ڕاستەوخۆ بەشەکانی تری ئاسایشی هەرێم کێشەیان تێکەوت.

سەبارەت بەتوانایی هەرێم بۆ خۆبەڕێوەبردن گفتوگۆی چڕمان کرد لەگەڵ پسپۆڕانی ئابووری کوردستان و بەبڕوای حسین کورد نەژاد، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەرەتای پڕۆسەی گەشەسەندنین، بۆیە لەهەموو بوارەکان پڕۆسەکە دەستی پێکردووە، بەڵام هێشتا لەئاستی چاوەڕوانییەکان نیە. دەبێت ستراتیژییەک لەسەرەتاوە بگیرێتەبەر بۆ بەردەوامی گەشەی کەرتەکانی ئابووری. هۆشمەند ڕەفیق پێی وابوو کە هەرێمی کوردستان توانای مرۆیی، ئاو و هەوای لەبار و سەرچاوەی سروشتی و پێداویستی تری بەزیادەوە هەیە، بۆیە ئەگەر بێتو ئەو کەسانەی کە ئیدارەی هەرێم دەکەن بە دڵسۆزی کاربکەن ئەوا هەرێمی کوردستان توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەیە، بەڵام بەهۆی خراپ بەڕێوەبردن، گەندەڵی و نایەکسانی، بەهێزبوونی هێزەکانی دەرەوەی حکومەت، نەتوانراوە ئەو سەرچاوەو داهاتانە بۆ بەڕێوەبردنێکی دادپەروەرانە بەکاربێت. ئێستا ئەوانەی لەدەرەوەی حکومەتن بەرپرسانی حکومەتییان کردۆتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان. بەپێچەوانەش ڕاستە، بەرپرسانی حکومەت کەسانی تایبەتیان هەیە لەدەرەوەی حکومەت بۆ ئەوەی پڕۆژە جۆراوجۆرەکانی حکومەتیان ڕادەست بکەن بەهاوبەشی.

بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێکە حکومەت ناتوانێت مووچە دابین بکات، ئاسایشی-ئابووری تاک، خێزان و کۆمەڵگە کەوتۆتە مەترسی. لێرەدا هۆشمەند ڕەفیق ئەوەی گەڕاندەوە بۆ سیاسەتی هەڵەی دوو پارتە سیاسییە سەرەکیەکەی هەرێم، کە خەڵکێکی زۆری خاوەن دەستی کارامە و بەرهەمهێنیان دامەزراند و ئەمە لەدوو ڕووەوە حکومەتی لاواز کردووە، لەلایەک بەرهەمی ناوخۆی لاوازکرد و لەلایەکی تر بونە بارگرانی و دەبێت موچەیان بۆ دابین بکات، واتە لەکەسێکی بەرهەمهێنەوە بوونە کەسێکی بەکاربەر.

لەدیدی حوسەین کوردنەژاردەوە ئەگەر کەرتی تایبەت گەشە نەکات بەردەوام کەرتی مووچە

توشی کێشە دەبێت، چونکە هەتا دێت پێویستی کەرتی گشتی زیاتر دەبێت و حکومەت دەبێت خەڵکی بۆ دابمەزرێنێت و ئەمەش بەردەوام زیاد دەکات و دەبێتە بارگرانی لەسەر حکومەت. لەهەمان کات، خەڵک چاو لە ئابووری حکومەت دەکات هەتا موچەیان پێ بدات. هەڕەشەیەکی تری ئابووری لەڕوانگەی کوردنەژادەوە ئەوەیە کە لەوڵاتی تازە پێگەیشتوو کە داهاتی تاک کەمە، توێژینەوەکان سەلماندویانە کە خوێندن یارمەتی ئابووری وڵات نادات. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەهۆی بەستنەوە پێویستی بازاڕ خوێندن هەیە بۆیە خوێندن هۆکاری پێشکەوتنە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان دەرچوان هەمویان چاویان لە دامەزراندن و موچە وەرگرتنە بەبێ پێویستی بازاڕ. بەگوێرەی زانیاری ئەم ئابوریناسە نزیکەی ٧٠%ی ئابووری کوردستان ئابوورییەکی لۆکاڵە، وەکو کارگەی بچووک و دوکان و کارە دەستییەکان کە ئەمە خەڵکی زۆر دانامەزرێنێت. ئەمانە خەڵکی کەم کاری تێدا دەکات و داهاتوویەکی باشیان لێچاوەڕێ ناکرێت هەم لە پێشکەوتن هەم لەدامەزراندنی چەند سەد کەسێک بۆ داهاتوو. ئەگەر ئەو بەشە هەستێتەوە، ئەوا دەوڵەت گەشە دەکات. ئەگەر ئەمە ببێتە پرۆژەی گەورە، لەگەڵ چەندین بەشی تری وەکو پیشەسازی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ...هتد، تێکەڵ دەبێت. لەبەر ئەوە هەرچەندی کەرتی ئابووری و بازرگانی گەشە بکات، هێزی کار روو لەوێ دەبێت و باری حکومەت سوک دەکەن. بۆ نموونە لەماوەی چەند ساڵی پێش هاتنی داعش و قەیرانەکانی ئابووری لەبەرئەوەی کەرتی تایبەت زۆر پێشکەوت، خەڵک مۆڵەتی بێ مووچەی دەکرد و دەچونە کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان.

ئاسایشی وزە تەوەرێکی گرنگی ئاسایشی ئابوورییە. پسپۆڕای ئابووری هاوڕابوون لەسەرئەوەی کە وزە هەم دەرفەتی خوڵقاندووە و هەم بۆتە هەڕەشە. هەرچەندی پیشەسازی ئابووری و دانیشتوان زیاد بێت، پێویستی بە وزە زیاتر دەبێت. لەلایەکی ترەوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان دەرچووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دامەزراوەکان بەگوێرەی ئەم یاسایە دروست نەکراون، هەروەها دابەشکاری نێوان پارتە سیاسییەکان و دزین و کونکردنی بۆڕییەکان و بەقاچاغبردنی نەوت وایکردووە شەفافیەت لەداهاتی سامانە سروشتییەکان نەبێت و ئەمەش ئاسایشی وزەی هەرێمی خستۆتە مەترسییەوە.

پێوستە ئەوە بگوترێت کە پێکردنی زیاد لەپێویستی رێژەی کارەبا و پارەنەدانی کۆمپانیا، ڤێللا و شوێنەکانی تر هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی وزە. بۆ نموونە کاتێک فرسەت سۆڤی کە بوو بە پارێزگاری هەولێر، گوتی بەپێی لێکۆڵینەوەی ئێمە زیاتر لە٢٠% کارەبای ئەم شارە دەدزرێت و پارەی نادرێت (بڕوانە KNN، ٢٠٢٠).

باج و داهات سەرچاوەی سەرەکی ئاسایشی ئابوورین کە بەتێڕوانینی کوردنەژاد کۆکردنەوەی باج بۆتە گەورەترین کێشەی وڵاتی ئێمە، چونکە بیرۆکراسیەکی گەورەی دەوێت. بەتایبەت باج لەسەر بەرهەم. بەریتانیا ١٨٠ هەزار کارمەندی لە ناو بەڕێوەبەرایەتی باج هەیە، بەڵام ئیدارەی باجەکەی ٢٥٠ هەزار کەسە، واتە کارمەندی کۆکردنەوە و چاودێری و سزادانی باج دوو ئەوەندەیە، هەمیشە باج لە کۆمپانیا گەورەکان ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ٧٠%ی ئابووری هەرێم لۆکاڵە، بۆیە ناتوانرێت بەئاسانی لەو ئابوورییە لۆکاڵەی خەڵک باج کۆبکرێتەوە. لەمڕەوە هۆشمەند ڕەفیق

بەو ئەنجامە گەیشتووە کە سیاسەتی باج لەهەرێمی کوردستان ڕێکنەخراوە و تەنها بۆ خەڵکی بێ دەسەڵات جێبەجێ دەکرێت، کۆمپانیا گەورەکان کە بەدەیان ملیۆن دۆلار باجیان لەسەرە نایدەن یان هی بەرپرسەکانەو لێیان خۆش دەبن، هەروەها بەدرێژایی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان ئەو ٢٣ هەزار کۆمپانیایەی هەن بەتەواوی باجیان لێوەرنەگیراوە و بەشێکی زۆری هی پارتە سیاسییەکانە، ئەمەش کێشەی بۆ داهاتی حکومەت دروست کردووە وهەمیشە لە قەیراندایە.

لەوڵاتانی پێشکەوتوو بانک فاکتەرێکی بەهێزی ئاسایشی- ئابووری پێکهێناوە، بەڵام لەڕوانگەی پسپۆڕانی ئابووری، هەرێمی کوردستان سیستمی بانکی پێشکەوتووی نیە و لەسەرەتای ئەم کارەیە، هەر لەسەرەتاوە خەڵک بەهۆی سیاسەتی هەڵەی حکومەتەوە متمانەی بە بانکەکان نەما، چونکە پارەیان لەبانک دانا و حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی ئەم پارانەی بەکارهێنا. ئەمە وایکردووە خەڵک پارە لەماڵ دانێت کە لەرووی ئابووری دەیمرێنت و ئەگەر حکومەت سیاسەتی سەرکەوتوانەی بانکی هەبوایە و خەڵک پارەی لەبانک بوایە حکومەت توشی قەیران نەدەبوو. پێیان وابوو کە هاوڵاتیان لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەموو هەژمار و پارەکەیان لەلایەن بانکەوەیە هەتا مامەڵەو قەرزیان. هەتا خەڵک ژمارە بانکی نەبێت سیستمی بانکی دانامەزرێت. ئەگەر پارە چووە بانکەکان ئەوکات پارە لەبازاڕ دەسوڕێت. هەتا ئەو ڕێژە لە پارەی کۆمپانیا و خەڵک لە بانک نەبێت، کە هەتا چەندین ساڵی تر لە کوردستان نابێت، ئەوا سیستمی بانکی لە کوردستان پێش ناکەوێت. کەواتە ئاسایشی بانکی نیە و تەنها گواستنەوەی پارە هەیە.

بازاڕ وەکو ناوەندێکی ئاسایشی- ئابووری لە پاشاگەردانیدایە و هۆشمەند ڕەفیق ڕای وایە کە حکومەتی هەرێم هیچ فەلسەفەیەکی بەڕێوەبردنی بازاڕی نیە کە ئایا دەستبخاتە ناوبازاڕ یان نا، ئایا سیستمەکە سەرمایەدارییە، سۆشیالیستیە یان تێکەڵاوە؟ هەرێم ئێستا دەیەوێت بەرەو سیستمی سەرمایەداری هەنگاوبنێت و دەستبەرداری سیستمی سۆشیالیستی نەبێت، بۆیە بەبڕوای ئەم ئابووریناسە باشترە سیستمی تێکەڵاو پەیرەو بکات. کورد نەژاد بازاڕی کوردستان دابەشی چەندین بەشە بازاڕ کرد، وەکو بازاڕی کەلوپەلی ئۆتۆمبێل، بازاڕی ئاژەڵ، بازاڕی کشتوکاڵ، بازاڕی نان و ...هتد. ئەم بەشە بازاڕانە لەلایەن بەرپرسانەوە قۆرخکراون. ئەوەی کە ئۆتۆمبێل دێنێ و ئەوەی جگەرە دێنێ، ئەوەی دەرمان دێنێ... ئەمانە هەمووی قۆرخکراون. ئەگەر وەکو بەشە بازاڕەکان سەیری بکەین و دابەشی ئابووری لۆکاڵ و ئابووری بازرگانی[١] (Trade Economy) سەیری بکەین، ئەوا کەلوپەلی هەرێم زۆربەی هاوردەن و ئەمەش بۆتە هۆکاری هەڵاوسان. بازاڕەکان قۆرخکاری زۆری تێدایە. هەرێم لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی نەیتوانیوە ببێتە خاوەن بەرهەمی خۆی و ناتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت، بۆنموونە کە دەچیتە بازاڕێک، چەند لەبەرهەمی خۆمان دەبینی؟ بەبڕوای بۆزان، ویڤەر و ویڵد، دەتوانین کێشەی ئاسایشی ئابووری وڵاتانی جیهانی سێیەم و تازە پێگەیشتوو ببەستینەوە بەوەی کە هەرچەندە ئەو وڵاتانە لەرووی سیاسی سەربەخۆ بوون، بەڵام هەمیشە بە بازاڕەکانی تری وڵاتانی پێشکەوتوو بەستراونەتەوەو ئاسایشی ئابووری ئەم وڵاتانە کاریگەری لەسەریان

[١] مەبەستی کۆمپانیا و بازاڕی گەورەیە لەبوارەکانی شیش، ئەلەمنیوم، کۆمپانیا گەورەکانی هاوشێوە.

هەیە (Buzan, Waever, and Wilde, 1998: 97-98).

هەژاری و بێکاری دوو دیاردەی گەورەی هەڕەشەئامێزی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتین. هۆشمەند رەفیق باسی لەوەکرد کە هیچ داتا و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بێ لایەن بۆ دیاریکردنی رێژەی هەژاری یان بێکاری لەهەرێمی کوردستان نیە. لایەنی دەسەلات رێژەکە بەکەم و ئۆپۆزسیۆن بە زۆری نیشان دەدەن، بەلام بەگوێرەی زانیاری کوردنەژارد، لەساڵی ٢٠١٩ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان توێژینەوەی لە هەرێمی کوردستان کردووە و بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە نزیکەی ٨٢%ی خەڵکی هەرێم داهاتیان لەژێر یەک ملیۆن دیناری عێراقییە. ئەمە بەپێوەری ئابووری خێزان دەچێتە چوارچێوەی داهاتی کەم وەدەتوانین بڵێین کە ئەو رێژەیە لەهەرێمی کوردستان هەژارن.

بەگشتی جگە لەمانە، ئابووریناسان پێیان وایە کە گەندەڵی و نەبوونی ستراتیژی ئابووری گەورەترین هەڕەشەن لەسەر ئابووری هەرێم و ئاماژەیان بەچەندین هەڕەشەی تری سەر ئاسایشی-ئابووری کرد، وەکو نەپاراستنی مافی خاوەن کارەکان و نەبوونی یەکسانی لە وەرگرتنی پرۆژەکان، داگیرکردنی بازاڕەکان بە بەرهەمی دەرەکی و ئەمە وادەکات بۆچەندین ساڵی تر هەرێم لەژێر هەڕەش بێت و نەتوانێت گەشە بکات.

**3-2-4- ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی چەند پرسیارێکمان لەکۆمەڵناسەکانی هەرێمی کوردستان کرد وەک، کاریگەری کەمبوونەوەی هاوسەرگیری و منداڵ بوون، بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوە (طلاق)ی هاوسەرەکان، کۆچ، هەژاری وبێکاری، کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، زیادبوونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری نوێ لەلایەن تاکەکان و چەندین هەڕەشەی تر لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان.

لەروانگەی د. فائز ابراهیم محمد، بەدڵنیاییەوە کەمبوونەوەی هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە پەیوەندی بە ئاسایشی نەرمەوە هەیە و پێی وابوو کە ئەمە پەیوەندی بە ستراکچەری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە و پەیوەستە بە بەها (قیم)ی کۆمەڵایەتیەوە. ئەم داب و نەریتەی سەدان ساڵە پارێزراوە و بەردەوام بووە، تحکم بە کۆمەڵگا دەکات بەشێوەیەک ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لەم بەهایانە روبدات، راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا، بۆ نموونە ئەو شەپۆلە بەهایەی بەجیهانیبوون (Globalization) لەگەڵ خۆی هێنای، راستەوخۆ بووە هۆی کەمبوونەوەی منداڵ بوون و وەچەخستنەوە و بچووکبوونەوەی کۆمەڵگا و چەندین لێکەوتەی تری نەرێنی کۆمەڵایەتی. بەبڕوای د. فائز، کۆمەڵناسەکان گەیشتوونە ئەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵگای تەندروست دەبێت لەباری جێگیری بێت تاوەکو تاک و خێزان بتوانن تێیدا بژین. بەهای هاوسەرگیری و وەچەخستنەوەش گۆڕاوە و کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی تاکەکان و رەفتاریان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەدیدی د. موصلح ئیروانی هەڕەشەکە گەورە نیە، چونکە راستە رێژەی هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە هاتۆتەخوارێ لەهەرێمی کوردستان، بەلام هێشتا لەسەروی ٣% ماوە و ئەم رێژەیەش کەم نیە. بۆیە ئێمە لەهەڕەشەی گەورەدا نین کە لەبواری نەمانی منداڵ و دەستی کار، بەپێچەوانەوە سنوردانان بۆ منداڵی زۆر جۆرێک لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی دروست کردووە و ئەوە وایکردووە کە

گەشەی کۆمەڵایەتی دروست بێت. لەوکاتەدا خێزان دەتوانێت باشتر خزمەتی منداڵ بکات لە پەروەردە و پێگەیاندن لەوەی کە ڕێژەیەکی زۆری هەبێت و نەتوانێت خزمەتیان بکات، بەڵام لەهەمان کات خێزانیش ماون کە ڕێژەی زۆری منداڵیان دەبێت. لەلایەکی ترەوە پرسیار ئەوەیە کە بۆچی گەشەی منداڵ دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا ئەگەر سەیر بکەین دەبینین لەو وڵاتانەی ڕێژەی منداڵ بوون زۆرە هەموو ئەو وڵاتانەن کە لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابووری دواکەوتوون. سەبارەت بەناوچە کێشە لەسەرەکان، بەهەمان شێوە پێی وانەبوو لەوێش کێشە دروست بێت، چونکە لەداهاتوو مەرج نیە کێشەکە بە ژمارە یەکلابێتەوە، چونکە ئەو کات بڕیار لەسەر ئەو دەم نادرێت و ئەمە دەوەستێتە سەر لایەنی دانوساندکار و دەبێ گەشەی دانیشتوانی هەردوو پێکهاتە لەبەر چاو بگیرێت. بەدڵنیاییەوە ئەگەر لەسەر بنەمای دانیشتوان بێ چەند ساڵێکی تر کێشە بۆ کورد لەو ناوچانە دروست دەبێت.

بۆ بابەتی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران، دیسان دوو رای تاڕادەیەک پێچەوانە لەنێوان کۆمەڵناسەکان هەبوو. لەروانگەی د. موصلح ئێروانی ئەمە کێشەی کۆمەڵایەتی دروست کردووە، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی هەڕەشەی گەورە، چونکە کێشەکە لەسەرەتاوە پەیوەندی بە لەیەکگەیشتن هەیە. پێی وابوو بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتنە خێرایە و کاریگەری سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیا و ماتریالیزم و کرانەوەی ئافرەتان بەروی کارکردن لەدەرەوە و بەراورد بەوڵاتانی تر هێشتا کێشەکە گەورە نەبوو. لەبەرامبەردا، بە تێڕوانینی د. فائز لەکۆمەڵناسیدا هاوسەرگیری بونیادی خێزانە، بەڵام جیابوونەوە هەلوەشانەوەی خێزانە و بونیادی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیە، بۆیە جیابوونەوە هەڕەشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە لەهەرێمی کوردستان. بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە ئاماری فەرمی ساڵی ٢٠١٩ی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بکەین کە لەساڵی رابردوو لەهەرێمی کوردستان لەهەر چوار پرۆسەیەکی هاوسەگیری یەکێکیان بە جیابوونەوە کۆتایی هاتووە (بڕوانە دروە میدیا، ٢٠٢٠).

کۆمەڵناسەکان کۆچیان بە هەڕەشە دانەنا. ئێروانی پێی وابوو کە ڕێژەی کۆچ لەم چەند ساڵە لەهەرێمی کوردستان کەم بۆتەوە، بەتایبەت بەراورد بە وڵاتانی جەنگی، کۆچ زۆر کەمە و کۆچی پێچەوانە زیادی کردووە. بۆ ئەم مەبەستە بەبڕوای د. فائز، کۆچ لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. لەکوردستان ڕێژەیەکی دیاریکراو نیە، بەڵام بۆ ئەو بارودۆخە قەیراناوییەی کوردستان ئەگەر ئەوەندە گەنجەی ڕۆیشتوون ئەوانیش لێرەبونایە بێگومان دەبوونە بار بەسەر حکومەت و کێشەیان بۆ سیستەمی سیاسی دروست دەکرد وەکو پەنابردنە بەر توندوتیژی و خۆپیشاندان و تەنانەت پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانی ناوچەکەش بۆ دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمانە راستە هێزی کارن و گەنجن، بەڵام لەبەر نەبوونی سیاسەتی سەرکەوتووانەی حکومەت و کێشە هەرێمییەکان، ئەمانە ئێستا خۆیان دەژیەنن.

کۆمەڵناسەکان پێیان وایە کە هەردوو دیاردەی هەژاری و بێکاری هەڕەشەیەکی گەورەن و دوو فاکتەری سەرەکی تاوانی دزی و توندوتیژی و تێکدانی ئاسایشی۔ کۆمەڵایەتین. ئەوانەی کار دەکەن سەرقاڵی کارن و لەجیاتی هەڕەشە بەرهەمیان هەیە و بوندیادی کۆمەڵگە و خێزان بەهێز دەکەن،

بەپێچەوانەوە ئەوانەی بێکارن بیر لەتێکدانی دەکەنەوە. جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمە زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر کۆمەڵگە. لێرە کاریگەری دەروونی زیادی کردووە. خۆ هەمان قەیرانەکان و گەورەتریش لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو هەبوو، بەڵام خەڵک ئامادە بوو قوربانی بۆ بدات، بەڵام ئێستا خەڵک بەهۆی ئەم دوو فاکتەرەوە توشی کێشەی دەروونی و نامۆبوون و تەنانەت خۆکوشتن و لێکجیابوونەوە و ...هتد بووە، ئەمە وایکردووە توندوتیژیش زیاد بکات لەناو خەڵک و بنەماڵەکان و کاریگەری کردۆتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەڕەشەیەکی تری کۆمەڵایەتین. بەلای کۆمەڵناسەکانی کوردستانەوە هەر تەنها لەکوردستان نا، بەڵکو لە وڵاتانی تریش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچ سنورێکی نیە و ئەمانە چەندین تاوانی خوڵقاندووە. واتە لەدەرەوەی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان[1] و لەناوخۆی کوردستانیش لەنێوان تاکەکان و خێزانەکان شیرازەی کۆمەڵگەی تێکداوە و بۆتە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئاسایشی_ کۆمەڵگە. کەسیش ناتوانێت چاودێریان بکات یان بیانوەستێنێت. لەهەمان کات بوختان و دەنگۆی درۆینە و هەڕەشە لەیەکتر و ناوزڕاندن و چەندین دیاردەی تر لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیەو دواتر دەردەکەوێت وانەبووە و ئەمەش متمانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەهێشتووە. ئەوەی کە بەرپرسەکان ناتوانن لەناوخۆی پارتەکەیان بیکەن لەدژی یەکتری، لە تۆڕەکان لەدژی یەکتری دەیکەن. ئێروانی رای وابوو کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەندی بەتایبەت فەیس بووک لەم وڵاتە ئەوەندە خراپ بووە ئەگەر لەبەر هەندێک بابەتی گەیاندن و زۆری بەشداربوون نەبێت من دایدەخەم، لەبەر ناوزڕاندن و دژایەتی و ئەو بێ سەروبەرییەی لەناو ئەم تۆڕانە هەیە. هەرچەندە هەندێک لایەنی ئەرێنی هەیە، بەڵام ئێستا کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەوەندە زۆر بووە کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروستکردووە. ئێروانی بەڵگەی ئەوەی خستەڕوو کە ئەمە لەلایەن کونسڵگەرییەکانی بیانی لەناو هەرێمیش هەستی پێکراوە کە وایکردووە هەندێک یان نەیکەنەوە یان بە رێنمایی زۆر لە فەیس بووک هەژماری خۆیان بکەنەوە. شەڕە جنێو و ناوزڕاندن بە دامەزراوەیی کراوە و خەڵکی زۆری بۆ دامەزراوە لەلایەن پارتە سیاسییەکان بەشێوەیەک کە داهاتی مانگانەی بۆ براوەتەوە[2]. پێی وابوو کە لەناو ئەم تۆڕانە هەست بە ئاسایشی خۆت وەکو تاک ناکەیت و هەرچی بڵێیت وەکو ئازادی بیروڕا هێرشت دەکرێتەسەر و ئەمەش رک و کینەی چاندووە و توندوتیژی زیاد کردووە و متمانەی کەمکردۆتەوە.

لەم هەڕەشانەی سەرەوە مەترسیدارتر بریتییە لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری نوێ لەهەرێمی کوردستان. بەبڕوای د. فائز ئەگەر ئەو گەنجانە کۆچیان نەکردایە و ئاوا بێکار بونایە، ئەوا پەنایان

---

[1] بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا کچانی مەغریب و تونس لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت فەیس بووک پەیوەندییان لەگەڵ گەنجانی هەرێمی کوردستان دروست کردوو و دوای ئاڵوگۆڕی چەندین ڤیدیۆ لەنێوانیان، دواتر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆکانیان دەکرد لەسەر تورە گشتییەکان ئەگەر لەبەرامبەردا پارەی زۆر نەنێرن بۆ ئەم کەسانە.

[2] بۆ نموونە بەهۆی سکاڵای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان چەندین پەیجی ساختە و هەڕەشەئامێز لەلایەن کۆمپانیای فەیس بووک داخران کە بەدەیان ملیۆن دۆلاریان تێدا خەرج دەکرا.

دەبردە بەر بەكارهێنانی ئەم ماددانە. ئێستا سەرۆكی خێزان و دایك و باوكەكان چاودێری وردی منداڵەكانیان پێناكرێت و بەهۆی ئاسانی تۆڕەكانی پەیوەندی و كاریگەری دراما و تیڤییەكان و چەندین فاكتەری تر وادەكات كە منداڵەكان و گەنجەكان بۆ لەبیربردنەوەی كێشەكانیان پەنا دەبەنە بەر مادەی هۆشبەر، ئەمە نەک تەنها هەر ئاسایشی كۆمەڵایەتی، بەڵكو ئەگەر بەری لێنەگیرێت، دوای چەند ساڵێكی تر ئاسایشی نەتەوەیش دەخاتە مەترسی، چونكە ڕێژەی بەكارهێنانەكە هەتا دێت زیاتر دەبێت و كاریگەرییەكانیشی ـ بەدیار دەكەون. لەدیدی ئێروانی ئەمە خەڵك و كۆمەڵگە لەئەرك دەخات و سیستمەكە توشی كێشە دەكات. بەهۆی ئەوەی كوردستان بۆتە ترانزێتی ئەو ماددانە و بەرپرسانی وڵات تێوەگلاون و پۆلس و دەزگا ئاسایشیەكان توشی هەمان كێشە بونەتەوە. رای وابوو كە ئەمە بەسیستماتیكراوە و بۆتە هەڕەشە لەسەر هەرێمی كوردستان.

**3-2-5- ئاسایشی تەندروستی**

بەبڕوای پسپۆڕانی ئەم بوارە، تەندروستی خەڵک لە هەرێمی كوردستان پارێزراو نیە و سیستمی تەندروستی كوردستان بەو شێوازەی ئێستا بەڕێوەدەچێ بۆ خۆی بۆتە هەڕەشە لەسەر خەڵكی كوردستان. پ.د. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، بڕوای وابوو كە لاوازی سەروەربوونی یاسا بۆتە هەڕەشە لەسەر تەندروستی خەڵک و ئەمە بۆتە هۆكاری ئەوەی كە پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشک و دامودەزگای تەندروستی ڕێک نەخرێت و سیستمی تەندروستی بەرەو كوالیتی بەرز نەڕوات. د.گۆران زەنگەنە نموونەی مردنی خەڵكی بەهۆی نەمانی ئۆكسجین لە نەخۆشخانەكان و كوێركردنی چاوی خەڵک بە دەرزی ئاڤاستین هێنایەوە، ئەمە جگە لەوەی دەرمانی كوالیتی خراپ و قاچاخ یەكێكی دیكەیە لەهەڕەشەكان. پزیشكەكان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی كە كەرتی تایبەتی تەندروستی بۆتە هەڕەشە بەسەر خەڵكەوە. د. فایەق گوڵپی پێی وابوو كە سیستەمی تەندروستی هەرێمی كوردستان بەرەو سیستەمێكی قازانج ویست دەڕوات، كەرتی گشتی دەپوكێنرێتەوە و كەرتی تایبەت پەرەپێدەدرێت، هەروەها گرنگی بە پێشكەوتنەكانی زانستی پزیشكی نادرێت و هەوڵنادرێت ئەو پێشكەوتنە زانستیانەی لەسەر ئاستی جیهان هەن بگەیەنرێنە هەرێمی كوردستان. لەهەمان كات نرخی چارەسەركردنی نەخۆشی بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ و هەندێک وڵاتی ئاسیایی وەک هند گرانە، بۆیە تەندروستی خەڵک لە چاو وڵاتانی ترلە هەرێمی كوردستان كەمتر پارێزراوە.

سەبارەت بەدەرمان و چارەسەرە پزیشكییەكان، لەروانگەی د. فایەق گوڵپیەوە چەندان جۆر دەرمان هەیە، هەندێک لەو دەرمانانە لە كارگەكانی هەرێم دروستدەكرێن، ئەم دەرمانە لە ژێر كۆنترۆڵی دەسەڵاتی هەرێمی كوردستاندایە و تا ئێستا لە روی كوالیتیەوە گومانی لەسەر نیە، بەپێچەوانەوە پزیشكەكان گومانی زۆریان لەسەر دەرمانی هاوردەكراوی دەرەوە هەیە و پێیان وایە كە ڕۆژانە دەستبەسەر دەرمانی ساختە و قاچاخەكاندا دەگیرێ[1]. ئەوە تەنها ئەو دەرمانانەیە كە

---

[1] لەراپۆرتی لیژنەی چاكسازی سەرۆكی هەرێمی پێشوو ئەوە خراوەتەروو كە (٩٠%) ی ئەو دەرمانانەی هێنراونەتە ناو هەرێم بێ ئاگاداری و ڕێگەپێدان و پشكنینی یاسایی بوون (شەریف، ٢٠١٩، ل٣٠٥).

دەستیان بەسەردا دەگیرێ و بڕێکی زۆرتر هەیە کە نەزانراوە و دەدرێتە نەخۆش و هاوڵاتی. بۆ نموونە دەرزی ئاڤاستین چاوی چەند نەخۆشیکی کوێرکرد، دەرزی سەفترایەکسۆن چەند نەخۆشێکی کوشت، بڕێک دەرمانی پلاڤیکسی ساختە فرۆشراو...هتد. جگە لەمانەش، هەزاران دەرمانخانە و ئێشکگر و ناوەندی پشکنین لەلایەن دەرچوانی پەیمانگەی پزیشکی و ئامادەییە پەرستارییەکان بەڕێوە دەبرێن (شەریف، ٢٠١٩، ل٣٠٥) کە ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر تەندروستی خەڵک، چونکە دەرمان بەبێ ڕێنمایی پزیشکی بە هاوڵاتیان دەدەن.

بەگشتی ئەم پزیشکانە پێیان وابوو کە جگە لە کۆڕۆنا، بەتایبەتکردنی کەرتی تەندروستی و قۆرخکردنی دەرمان لەلایەن بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان گەورەترین هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی تەندروستی هەرێم.

**3-2-6- ئاسایشی ژینگەیی**

لە چەند رویەکەوە دەتوانین باسی فاکتەرەکانی پیسبوونی ژینگە و هەڕەشەکانی سەر ژینگە لەهەرێمی کوردستان بکەین، ئەوانیش بەشێکیان هەڕەشەی دەستکردن بەهۆی خراپی ئەدای حکومەت لەلایەک و ناهۆشیاری ژینگەیی خەڵک لەلایەکی ترەوە. بەشێکیش لەدەسەڵاتی ئەمانەی سەرەوە نیە. سەبارەت بەفاکتەری حکومەت و خەڵک دەتوانین ئاماژە بەم هۆکارانە بکەین:

١- خراپی بەڕێوەبردن و نەبوونی ستراتیژی ئاسایشی ـ ژینگەیی. لەهەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە بەرپرسانی حکومی و حزبی و دەستڕۆیشتووەکان گوێ بە ڕێنمایی حکومەت و دەرئەنجامی توێژینەوەکانی بواری ژینگەیی نادەن، بۆیە هەتا دێت ژینگەی هەرێمی کوردستان بەرەو مەترسی گەورە دەڕوات. لێرەدا هۆکاری هەڕەشە ژینگەییەکان بەهۆی ئەم فاکتەرانەوەیە:

أ. دانەنانی فلتەر و چاودێری توند لە سەر پاڵاوگەکانی سوتەمەنی کە ئەمە هۆکاری سەرەکی دەردانی چەندین ماددەی کیمیاویی و ڕەساس و گازە زیانبەخشەکانی ترە و دەبێتە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە. بۆیە تادێت ڕێژەی ئەم نەخۆشیە لەبەرزبوونەوەیە.

ب. کاریگەری ئامرازەکانی گواستنەوە و مووەلیدە ئەهلییەکان. ئۆتۆمبێلەکان بە ستانداردی ژینگەیی لەهەرێم کارناکەن، لەشەقامەکان ئۆتۆمبێلەکان بەشێوەک گاز و بەنزین دەسوتێنن و دوکەڵ دەر دەدەن کە ناتوانرێت لەدوایان بڕۆیت و کەسیش لێپێچەنەوەیان لەگەڵ ناکات. مانەوەی بەئەنقەستی مووەلیدە ئەهلیەکانی گەڕەکەکان فاکتەرێکی تری ئەم هەڕەشەیەیە. ئەم دوو فاکتەرە جگە لەپیسبوونی زۆری ژینگە، کێشەی تری ژینگەیشییان هەیە وەکو پیسبوونی ژینگە بەهۆی دەنگ و ژاوەژاو (Noise Pollution)، هەروەها بەهۆی زۆری و بێ سەروبەری وایەر و زۆری تابلۆکان لەشەقام و گەڕەکەکان ژینگەی هەرێم توشی پیسبوونی بینین (Vision Pollution)یش بووە. لەگەڵ ئەمەشدا، بەیەکداچوونی ناهارمۆنییانەی ڕەنگی بیناو باڵەخانەکان هۆکاری پیسبوونی هەستی بینینن.

ج. نەبوونی سیاسەتی ریسایکلینگ. ئەو زبڵەی فڕێدەدرێت بەشێکی دەسوتێندرێت و بەشێکی بەنازانستی لەژێر خۆڵ دەنرێت و بۆئەوەی نەتەقێتەوە بەبۆڕی تایبەت گازەکەی دەهێنرێتە دەرەوە

و ئەمەش ژینگەی ئەوەندەی تر پیسکردووە. لەهەمان کات لەلایەن خەڵک هۆشیاری بۆ جیاکردنەوەی جۆری زبڵەکان نیە.

د. چارەسەرنەکردنی ئاوەڕۆی ماڵان و کارگەکان و تێکەڵبوونیان بەئاوی خاوێن هەڕەشەن.

هـ. زیادبوونی خێرای باڵەخانە و خانوو بەبێ گرنگیدان بە زیادکردنی سەوزایی بۆ بەدەستهێنانی ئۆکسجین و پاککردنەوەی ژینگە و هاوسەنگکردنلەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان.

و. بەهۆی نەبوونی ستراتیژی کشتوکاڵی و زۆری هاوردەکردنی بەروبوومی دەرەکی خاکی هەرێمیش روبەڕووی مەترسی بۆتەوە. هەر سەبارەت بەخاك، هەبوونی مین و تەقەمەنی جەنگەکانی رابردوو، خراپ بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی لەبواری کشتوکاڵدا هەڕەشەن.

ز. هۆکاری تر وەکو لاوازیی بەشێك لەیاساکانی تایبەت بەژینگە و باش جێبەجێنەکردنی یاساکانی بواری ژینگە. لاوازیی کولتووری ژینگەپارێزیی لای کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت. کارنەکردن بەگیانی یەك تیمی لەبواری ژینگەپارێزی و ...هتد.

بۆ هۆکارەکانی سەرووی توانای حکومەت و خەڵک دەتوانین ئاماژە بە چەند فاکتەرێک بکەین:

١- ژینگەی هەرێمی کوردستان تێکەڵییەکە بە ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ناتوانرێت جیابکرێتەوە وەکو بوارەکانی تر. لەبەرئەوەی کە گۆڕانی کەش و هەوا (Climate Change) و پیسبوونی هەوا (Air Pollution) زیاد بووە، بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش کردووە.

٢- دیاردەی خۆڵبارین: ئەمەش لەدەرەوەی توانای هەرێمی کوردستانە. هەرچەند هەرێم دەتوانێت بەهۆی دروستکردنی پشتێنی سەوزایی دەوری شارەکان ئەم هەڕەشەیە کەمبکاتەوە.

٣- کەمبوونەوەی ڕێژەی باران. بەشێوەیەک لەوەرزی باران مانگانە تەنها (5.93) باران دەبارێت.

لەتوێژینەوەیەکی مەیدانی پرۆفیسۆر حەسەن حەسونی کە 30 ساڵە پسپۆڕی ژینگەیە لە زانکۆی دوبەی و پێنج ساڵە لە هەولێر توێژینەوە دەکات بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە هەوای هەولێر یەکێکە لە پیسترین هەوای شارەکانی جیهان. ئەویش بەهەمان شێوە پێیوایە کە زۆریی ژمارەی ئۆتۆمبێل، دووکەڵی مۆلیدە، کارگە و پاڵاوگەکان هۆکاری پیسبوونی هەوان. دەڵێت "لە توێژینەوەکەمان بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لە هەولێر 8.9 تۆنە بۆ هەر کەسێک لەکاتێکدا لە جیهاندا 4.5 تۆنە، ئەمەش نزیکەی دوو ئەوەندەیە. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە هەر تاکێک لە هەولێر دەبێت ستایلی ژیانی خۆی بگۆڕێت، چونکە وزەیەکی زیاد بەفیڕۆدەدەن". بە سووتاندنی 70 لیتر بەنزین 140 - 180 کیلۆگرام دوانۆکسیدی کاربۆن دەچێتە هەواوە، چونکە لە یەک کاتژمێرێکدا ئۆتۆمبێلێکی بەنزین 20 مەتر سێجا هەوا پیسدەکات، ئەمەش هێندەی پیسکردنی ڕێژەی 20 مرۆڤە لە کاتژمێرێکدا. هەر مرۆڤێک لە کاتژمێرێکدا پێویستی بە 0.9 مەتر سێجا ئۆکسجینە. لە هەولێر 870 هەزار ئۆتۆمبێل هەن؛ جگە لەمەش لە 7 مانگی یەکەمی ئەمساڵ 1856 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە هەولێر ڕوویانداوە. لەکۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو کە یەکەی پاکوخاوێنیی هەوا بە یەکەی AQI دەپێورێت، لە یەک پلە تا 50 پلە هەواکە خاوێنە و دەشێت بۆ هەناسەدان، لە 50 تاوەکو 100 پلە مامناوەندە و گونجاوە، لە 100 بۆ

500 مەترسیدارە و ناشێت بۆ هەناسەدان، لەکاتێکدا هەموو رۆژێک هەوای هەولێر سەرووی 80 پلەیە هەندێکجار و رۆژ تاوەکو 140 پلەش دەڕوات کە زۆر مەترسیدارە بەرانبەر بە شاری ڤانکۆڤەری کەنەدی کە بە تەنیا 14 پلەیە یان شارێکی وەکو بێرمینگهامی بەریتانی کە 20 بۆ 25 پلەیە، ئەوەی هەولێر زۆرە. (بڕوانە فەرەج، ٢٠٢٠).

ئەوفاکتەرانەی سەرەوە بەلای ژینگەناسەکان بۆتە هۆکاری زیادبوونی ئۆزۆن و بەرزبوونەوەی رێژەی نەخۆشی و شێرپەنجە (سرطان) و گیان لەدەستدان لەهەرێمی کوردستان. بەبڕوای بەشێک لە پسپۆڕانی ئەم بوارە خەریکە ژینگەی هەرێمی کوردستان بەکەڵکی ژیان نەیەت و خەڵکەکە رووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەی گەورەتر دەبنەوە ئەگەر بەری لێنەگیرێت.

**3-2-7- ئاسایشی خۆراک**

بەلای پسپۆڕان ئاسایشی خۆراک لەهەرێمی کوردستان بریتییە لە دابینکردنی خۆراک بۆ هەموو تاکێک کە لە ڕووی فیزیکی و ئابوورییەوە توانای بەدەستهێنانی هەبێت بۆ خۆراکێکی پارێزراو لە ڕووی تەندروستی و پێکهاتە خۆراکییەکانەوە کە بۆ کردە چالاکییەکان و ژیانێکی تەندروست پێویستە. لەگەڵ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەی زەوی شیاو، ئاوی زۆر، کشتوکاڵ و سەرچاوەی مرۆیی زۆرە، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی خۆراک لە وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە لەبەردەم هەڕەشەیەکی جددی ئاسایشی خۆراکە. تەنها ٣٣%ی خاکەکەی سوودی لێوەرگیراوە بۆ کشتوکاڵ. ئەمە هەرێمی توشی دوو کێشەی گەورە کردووە (شەریف، ٢٠١٩، ل٢٧٩-٢٨٠):

یەکەم: کشتوکاڵی ناوخۆ داتەپیوە و بەرهەمی ناوخۆ کەمبۆتەوە.

دووەم: پارەیەکی یەکجار زۆری ناوخۆ بۆ ئەم بەرهەمانە دەچێتە دەرەوە[1].

شارەزایانی بواری خۆراک پێیان وابوو کە لە ئێستادا هەرێم خاوەنی ئاسایشی خۆراکی بەهێز نیە کە بتوانێت بەرگەی قەیرانەکان بگرێت لە کاتی داخستنی سنورەکان، چونکە لە ئێستادا زۆربەی کاڵا خۆراکیەکان لە وڵاتانی دراوسێوە هاوردە دەکرێن بەتایبەتی لە ئێران و تورکیا. پێیان وابوو کە نەبونی پلان و دانانی بودجەیەکی شایستە بۆ کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان وایکردوە کە ئەم کەرتە پشتگوێ بخرێت و دانانی بودجەی 2% یان کەمتر لە ساڵانی ڕابردوو نەیتوانیوە تەکانێکی بەهێز بدات بە کەرتی کشتوکاڵ و بەرگەی قەیرانەکان بگرێت لە داخستنی سنورەکان. لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان وڵاتانی دراوسێ بە داخستنی سنورەکان و ڕێگری کردن لە ناردنی کاڵای خۆراکی هەڕەشەیان لە هەرێمی کوردستان دەکرد. بۆیە پسپۆڕانی ئاسایشی- خۆراکی هەرێم بەو

---

[1] ئەم توێژەرە هۆکارەکانی ئەم کێشەی پەیوەستکردووە بە فاکتەرەکانی وەکو کەمی بودجەی تەرخانکراو لەلایەن حکومەت و بێ پلانی. بۆنموونە لەنێوانی ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٧) تەنها ٥ بۆ ٦ لەسەدی بودجە بۆ ئەم کەرتە بووە، لەساڵی ٢٠١٠ ناگاتە (١% ی بودجە). هەروەها لاوازی جوتیارانی هەرێم لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ، زیادبوونی کۆچ لەلادێ بۆ شارەکان، لاوازی پەیوەندی زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە بە کارەکانی کشتوکاڵی و جوتیاران و کاری پراکتیکی و کەمی بایەخدان بەکاری وەبەرهێنان و دروستکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون لەسەر زەوی کشتوکاڵی (شەریف، ٢٠١٩، ل٢٧٩-٢٨٠).

دەرئەنجامە گەیشتوون کە ئاسایشی خۆراک نیە. لەبەر پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان، کە بە وشکانی دەورەدراوە و هیچ لایەکی لەسەر دەریا نیە، بەردەوام هەڕەشەی دراوسێکانی لەسەرە، چەندەها جار هەوڵی لەباربردنی ئەم ئەزمونە ئەدەن. بۆیە وەکو هەموو هەڕەشە سیاسی و ئابورییەکان، هەڕەشە لەسەر ئآسایشی خۆراکیش هەیە.

بەبڕوای پسپۆڕانی ئەم بوارە یەکێک لەکێشە سەرەکییەکان پەیوەستە بە کوالیتی خۆراک، چونکە سەرچاوە خۆراکیەکانی ناوەوە و دەرەوە لە ژێر چاودێری و پشکنینی زانستیدا نیە، ئەمەش وایکردوە چەندەها کاڵای خۆراکی کوالیتی نزم هاوردە بکرێت. سەرەڕای بونی کۆمپانیای کوالیتی کۆنترۆڵی خۆراک و لایەنی تەندروستی و هۆبەی کشتوکاڵی لە مەرزەکان، بەڵام بەهۆی نەبونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، نەبونی ئامێری پێویستی پشکنینی خۆراک لە سنورەکان، نەبونی هەماهەنگی لە نێوان خاڵە سنوریەکان لە ڕێگەپێدان و ڕێگەگرتن لە جۆری کاڵاکان، هەروەها بونی قاچاخچێتی لە هەندێک لە خاڵە سنورییەکان کە لە ئێستادا بە بەڵگەوە لەلایەن پەرلەمانتارەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ئاشکرا دەکرێن، زۆر کاڵای خۆراک بە بێ بونی هیچ جۆرە پشکنینێکی کوالیتی کۆنترۆڵی خۆراک تێپەڕ دەبێت بۆ ناوەوەی هەرێم. ئەمەش هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی تەندروستی دروست کردووە[1].

کێشەیەکی تریان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان نازانرێت چی بەرهەم بێت و چی دەخورێت، بەتایبەتی ئەو بەروبومانەی کە پێداویستی ڕۆژانەن، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان هاوردەی خۆراک و بەرهەمە ناوخۆییەکان. لەلایەکی ترەوە، ستراتیژێک نیە بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی ناوخۆ بۆ دەرەوەی وڵات، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ کە هانی جووتیارانی ناوخۆ دەدات لە کردنەوەی پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورە کە توانای هەناردەکردنی بەرهەمی ناوخۆی دەبێت. لەهەمان کات پیشەسازیی خۆراک زۆر لاوازە. ئەمە ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان لە سەرووی پێداویستی ڕۆژانەوە. بوونی کارگەی لەقوتونان یان خواردنە ئامادەکراوەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر جێگیربوونی نرخ و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم. ئەم هۆکارانەش وایکردووە کە جوتیارەکان بێ هیوا بن لەلایەک بەهۆی هەرزانی بەرهەمی ناوخۆ کە چەندین جار فرێی دەدەن لەرکی دابەزینی نرخ و هاوردەی دەرەکی، لەلایەکی ترەوە جوتیاران گەنم و جۆیان بەزەحمەت لێوەردەگیرێت و دوای چەند ساڵ ئینجا پارەکەیان پێدەدرێت. بۆیە ئەمڕۆ کێشەی کشتوکاڵ، نەمانی دەستی کار و کۆچی گوندنشینەکانە بەرەو شارەکان.

چەندین هەڕەشەی تری سەر ئاسایشی- خۆراک خرانەڕوو، وەکو خراپ بەکارهێنانی زەویە کشتوکاڵییەکان و گۆڕینی زۆربەی زەوی کشتوکاڵی بۆ ڤێللا و شوێنی نیشتەجێبوون، هەروەها زۆربەی کارگەکان خواردنەکانیان بە ئامادەکراوی بۆ دیت تەنها تەعبیئەی دەکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بواری ئاسایشی خۆراکدا کە لە هەرێم بەکەمی

---

[1] ڕێگە نەگرتن لە خۆراکی ناتەندروست وایکردووە کە تەنها لەمانگی (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ دا ٨٠٠٠ کەس توشی شێرپەنجە بن، ووتەبێژی تەندروستی ئەمەی بۆ خواردنی خراپ وماوەبەسەرچوو گەڕاندەوە (شەریف، ٢٠١٩، ل٣٠٥).

سوودی لێوەرگیراوە. لەهەموو ئەو هەڕەشانە زیاتر بریتییە لە ژمارەی دانیشتووان کە کاریگەری گەورەی لەسەر هاوسەنگیی ئاسایشی خۆراک لە جیهاندا هەیە، کە پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٠ ژمارەی دانیشتووانی زەوی بگاتە ٨ ملیار کەس، ئەمەش ترسی گەورەی دروست کردووە لەسەر دابینکردنی خۆراک لە جیهاندا، چونکە ئەو بڕە خۆراکەی کە لە ئێستادا بەرهەم دەهێنرێت توانای تێرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی نابێت. ئەمە بەهەمان شێوە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی خۆراکی هەرێم.

**3-2-8- ئاسایشی ئاو**

یەکێکی تر لەپرسە ئاسایشییە نوێیەکان، پرسی ئاوە. بەپێی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی ئاسایشی ـ ئاوی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی هەرێم لەئێستادا کێشەی ئەوتۆی ئاوی نیە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک هەڕەشەوە لەداهاتوویەکی نزیک رووبەڕوی مەترسی دەبێتەوە. سەبارەت بەوەی ئایا هەرێمی کوردستان ئاوی پێویست و شیرنی هەیە بۆ (خواردنەوە، پیشەسازی، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری)، پ. د. سلیمان عبدالله و د. محمد امین پێندرۆیی ئاوی هەرێمی کوردستانیان بەسەر سێ جۆر دابەش کرد، ئاوی بەفروباران، ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەرزەوی. پێیان وابوو کە ئەو ئاوەی ئێستا هەیە بەشی پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان لە تێرکردنی کشتوکاڵ، خەڵک، ئاژەڵداری و پێداویستی پیشەسازیش دەکات. لەهەرێمی کوردستان نزیکەی ٣٠ ملیار مەتر چوارگۆشە (مكعب) ئاو هەیە جگە لەوەی نزیکەی ٢١ میار تەنها لە دیجلەوە بەهەرێمدا دێت و چەندین ئاوی تری دەرەوە کە بەهەرێمدا دێن و دەتوانرێت بەکاربێن. لەوڵاتان بۆ هەر جۆرە پێویستییەک، جۆرە ئاوێک بەکاردێنن، بەڵام لەهەرێمی کوردستان ئاوی پاک بۆ هەموو ئەو بوارانەی تر بەکاردێت.

بەگوێرەی لێکۆلینەوەکان لەهەرێمی کوردستان سامانی ئاو پارێزراو نیە. ئەگەر ئەو بەفیرۆچوونەی ئێستا نەمێنێ و لەبواری کشتوکاڵ بە شێوەی زانستی نوێ بەکاربهێنرێت و ئیدارەی ئاو بەباشی رێکبخرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان ئاسایشی ئاوی پارێزراو دەبێت. بەپێی داتای وەزارەتی شارەوانی ٦٠%ی ئاو لەتۆڕەکانی ئاوی ناوشار بەفیڕۆ دەڕوات. پێیان وابوو کە پرسی ئاو لەنێوان چەند دەزگایەک لەهەرێم دابەش بووە و هەریەکەو بەشێوەیەک بەکاری دەهێنێت و دواتر زیادەڕۆیی زۆر لەسەر ئاو هەیە و سیاسەت و ستراتیژیەتی پاراستنی ئاو نیە لەهەرێمی کوردستان. هەروەها یاسایەک نیە بۆ پاراستنی ئاو و پێشتر وەزارەتێک بۆ ئاو هەبوو ئێستا بۆتە بەڕێوەبەرایەتی. دواترهەندێک لەو ئاوانەی هەیە چۆتە دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ نموونە دوکان و دەربەندیخان فەرمانبەرەکانی لەلایەن بەغداوە بەڕێوەدەبرێن و وابەستەنین بەهەرێمەوە.

لێکۆڵەرانی ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هەرێم سیاسەتی ئاوی هەبێ دەتوانێت ئاو وەک فشار بەکاربێنێت، بەڵام لەبەر بابەتی مرۆیی ئەم کارە ناکات.

نەبوونی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو خۆی لەخۆیدا هەڕەشەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە بەبڕوای د. محمد امین پێندرۆیی کە چەندین ساڵ بەڕێوەبەری گشتی ئاوی هەرێم بووە ئەگەر بەنداوی زیاتر دروست بکرێت، نەک تەنها بۆ هەرێم بەڵکو دەتوانرێت بۆ عێراق و شوێنی تریش کارەبا دابین بکرێت. بەرهەمی وزەی کارەبا هەرزانە و تەنها دروستکردنی بەنداوەکە تێچووی زۆری

دەوێـت، ئەگەرنا وەکـو بەرهەمـی کارەبـا بە غـاز و نەوت نـیە و یەکجـار کە بەنـداوەکە بـۆ کارەبـا دروستکرا، ئیتر وزەی زۆر دەدات و بەبەردەوامی بەبێ تێچوو، بەڵام حکومەتی هەرێم ناتوانێـت ئەمە زیاد بکات لەبەر تێچووی زۆری بەنداوەکان. لەبەرامـبەردا، پ. د. سـلیمان عبـدالله رای وابـوو کە لە نەوەدەکان تەنها بەهۆی ئاوی دوکان و دەربەندیخان کارەبـای هەمـوو هەرێـم دەدرا، بەڵام بەهـۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو گەورەبوونی شارەکان و ئامرازەکانی کارەبایی بۆ سـاردکەرەوە و گەرمکـردن و زیادبوونی کۆمپانیا گەورەکان، ئێستا ئەم دوو وێستگەیە تەنها ٥% ی کارەبـا دەدەن، ئەگەر کارەبـای ماس و وێستگەکانی غاز و نەوت نەبن ناتوانرێـت بە ئاو کارەبا دابین بکرێـت.

زیادبوونی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان هەڕەشەنە لەسەر ئاو. بەتێڕوانینی د. محمـد امـین پێنـدرۆیی بەدڵنییـاوە ئەمە کـاریگەری زۆری هەبـووە، جـگە لەگەشـەی دانیشـتوانی هەرێـم، هەڕەشەیەکی تری گەورە هاتنی ئاوارەکانە کە گەیشـتە زیـاتر لە دوو ملیـۆن و ئەمەش پێویسـتی بە ئاوی زۆر زۆرە. ئەمە وایکردووە ئاوی بیرەکـان وشـک بـکەن. ئەمە لەدیـدی پ. د. سـلیمان عبـدالله جیـاواز بـوو، چـونکە بەڕای ئەم پسـپۆڕە ٩٠%ی ئـاو بـۆ کشـتوکاڵ بەکاردێـت و ١٠%ەکەی تـر بـۆ دانیشتوانە. واتە ڕێژەی پێویستی دانیشتوان زۆر کەمە بۆ ئاو. لەهەرێمی کوردستان بۆ هەر کەسێک تەنها ١٠٠٠مەتر چوار گۆشە بۆ ساڵێک پێویستە. بۆیە مەترسییەکە لەرووی کشـتوکاڵیەوەیە نەوەکـو پێویسـتی خـواردنەوە و پێداویسـتی تـری کەسی. لێـرەدا هاوکێشـەیەکی پـێچەوانە هەیە، بـۆ نمـونە لەهەرێم داوا دەکرێـت پێداویستی کشتوکاڵی نەهێنرێت و پشت بەبەرهەمی ناوخۆ ببەسترێت، بەڵام تێچووی ئاودانی بەرهەمەکان زۆر زیاترە لەو بەهـایەی کە دەدرێـتە بەرهەمێـک کە لەدەرەوە دێـت. بۆیە لەم لایەنەوە هەرێم قازانجیەتی، چونکە ئاوێکی کەمتر خەرج دەکات.

بەگشتی هەڕەشەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە پۆلێن دەکرێن:

١- گۆڕانکاری کەش و هەوا کاریگەری لەسەر کەمبونی باران و ئاو لەهەرێمی کوردستان هەیە.

٢- سیاسەتی ئـاوی تورکیا و ئێـران. بەشـێوەیەکی سیسـتماتیکی کـار لەسـەر دروسـتکردنی بەنـداو، دابەشکردن و لادانی ڕێڕەوە ئاوییەکان دەکەن.

٣- پیسبوونی ئاو هەڕەشەیە لەسەر هەرێم. ڕۆشنبیری خەڵک لە بەکارهێنانی ئاو زۆر نـزمە، چـونکە وادەزانن ئاو شتێکی بەلاش و بێ بایەخە و بەکەیفی خۆیان بەفیـڕۆی دەدەن. ئـاوی سـەرزەوی نـوێ دەبێتەوە، بەڵام ئاوی ژێرزەوی نوێ نابێتەوە و ئەم سامانە نیشتمانییە دەبێت بەشێوەیەکی عەقڵانیانە بەکاربێت. ئەو ئاوەی لە تانکیەکانەوە دەڕژێ و ئەوەی بەردەرگا و شـەقامی پـێ دەشـورێ، ئەمـانە وایکردووە کە نزیکەی ٥٠%ی بەفیڕۆ بڕوات.

٤- نەبوونی سیاسەتی ئاو وایکردووە، بۆ نموونە، دەیان هەزار بیری بێ مۆڵەت لە هەرێمی کوردستان لێ بدرێت (وەکو بیری مەزرەعەکان کە ئێستا گەیشتۆتە زیاتر لە ٣٠ هەزار بیـری بـێ مـۆڵەت). ئەو ئاوەی دڵۆپ دڵۆپ کۆکراوەتەوە لەژێر زەوییە. بەئاسانی دەردەهێنرێ و بەفیڕۆی دەدرێ.

٥- هەتا ئێستا لەبواری کشتوکاڵ بە ڕێگا کلاسیکییەکە ئاودێری دەکرێت و نەتـوانراوە میکـانزمی مۆدێرن بەکاربهێنرێت.

**3-2-9- ئاسایشی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی**

بەلای پسپۆڕانەوە هەرێمی کوردستان بەدەر نیە لەو هەڕەشانەی لەبواری ئاسایشی ـ ئەلیکترۆنی (Cyber Security) و هێرشی ئەلیکترۆنی (Cyber Attack) هەن. لەتێڕوانینی پ. ی. د. هەردەوان محمود هەتاوەکو ژێرخانی ئەلکترۆنی بەهێز بێت مەترسی هاککردن زیاتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەی کێشەی خراپی تەکنۆلۆژیا و ئەلیکترۆنی لەکوردستان هەیە، لەبەرامبەردا وایکردووە کە هەڕەشەکانیش کەمتر بن. ئەم پسپۆڕە پێیوایە کە لەهەرێمی کوردستان هەڕەشەی هاککردن بۆ ماڵپەڕە فەرمییەکان کەمە، چونکە لەناو ماڵپەڕی حکومەتی هەرێم و ماڵپەڕەکانی تر زانیاری گرنگیان تێدا هەڵنەگرتووە. ئەوانەی مەترسیان هەیە ئەو شوێنانەن کەدەستیان بە کاری ئەلیکترۆنی کردووە وەکو وەزارەتی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ و چەند شوێنێکی تر، هەندێک لە ماڵپەڕە فەرمییەکانیش رووبەڕووی هاککردن بوونەوە لەکاتی بەئەلیکترۆنیکردنی خوێندن لە هەردوو زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، بەڵام ئەمانە بەهۆی ئەوەی کە لەلایەن کۆمپانیایی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ دانەمەزراون بۆیە ئاسایشیان پارێزراو نابێت. بەهەمان شێوە، م. نەوروز نورەدین، پسپۆڕی بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەزانکۆی سەلاحەدین پێی وابوو کە هەرچەندە ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەهێز بێت ناتوانێت بەر لە هێرشەکان بگرێت. بۆیە پێویستە پێشتر دامەزراوەکان وکەسەکان ئامادەکاری بکەن و هۆشیاری ئەلکترۆنیان هەبێت کە ئەمە لەهەرێمی کوردستان زۆر کەمە.

پسپۆڕەکان هاوڕان کە مەترسی رێژەیەکی زۆری هاککردنی هەژمارە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستان هەیە. هێرشبەرەکان پێشتر لینک دەنێرن و دوای ئەوەی تەنها کلیکی لەسەر دەکرێت هەموو زانیارییەکان دەکەونە دەستی هێرشبەرەکان و دواتر ئەمانە مامەڵە بەم زانیارییە نهێنی و کەسییانە دەکەن و لەبەرامبەردا داوای پارەی زۆر یان کشانەوە لەکارێکت لێدەکەن ئەگەرنا ئەو زانیارییانە بڵاو دەکەنەوە.

رایان وایە کە لەهەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی پرۆسەی کاری بانکی (Banking) کەمترە بۆیە کەمتر ئەوە رویداوە، بەڵام هێرشە ئەلکترۆنییەکانی سەر فەیس بووک بۆتە دیاردە و رێژەکەی زۆر بووە. هەرچەندە فەیس بووک خۆی بۆ پاراستنی ئاسایشی ـ ئەلیکترۆنی چارەسەری داناوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە خەڵک هۆشیاری کەمە و بەبێ رێکارەکانی پاراستن ئەم ئەپڵیکەیشنانە بەکاردێنن کە بەشێکی زۆریان پەیوەندییان بە فەیس بوک یان تۆڕەکانی تر نیە و لەلایەن خەڵک بەکاردێت و مۆڵەت بەم لایەنە هێرشبەرە دەدرێت، بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەوە لایەنی سەرەکی و رەسەن نیە، راستەوخۆ دەکەونە داوی هێرشبەرەکان.

مەترسییەکی تر ئەوە کە بەبڕوای شارەزایانی ئەم بوارە، لەبەرئەوەی کۆنترۆڵ بەدەستی کۆمپانیاکانی ئەلیکترۆنییەوەیە، بۆیە بەئاسانی دەتوانن چاودێری دابنێن و ئەمەش گومانی لەلای هاوڵاتیان دروستکردووە. پێیان وایە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێتی بەسەر هەردوو زۆنی پێشووی هەرێمی کوردستان دابەش بوون و ئەم کۆمپانیایانە توانای چاودێری و گوێگرتنی هەموو کەسیان هەیە بەتەواوی، هەروەها دەزانن کە بەکارهێنەرەکان چی دەکەنەوە و لە چ شوێنێک هێڵەکە بەکاردێنن. لەگەڵ ئەوەی پسپۆڕانی ئەم بوارە تەنها ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەم کۆمپانیایانە زانیاری کەسی و

نهێنی بۆ دادگا و پۆلیس دەنێرن، بەڵام بەهۆی سەروەرنەبوونی یاسا و کۆنترۆڵکردنی ئەم کۆمپانیایانە و دامەزراوە حکومییەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکان و قوڵیی ململانێکان و گرتنبەری هەر میکانزمێک بۆ مانەوەیان، متمانە نیە کە گوێ لەخەڵک رانەگیرێت لەرێگەی ئەم هێڵانەوە، بەتایبەت کەسانی دیاریکراو. جگە لەمەش، ئەم کۆمپانیایانە پارەی زۆری باڵانسی قسەکردن و ئەنترنێت دەبەن. جاری وا هەیە بە فێڵی بەشداری لە بەرنامەکان، خەڵک پارەی زۆری لێدەبرێت.

ئەم هێڵانەی پەیوەندی خۆشیان بەدەرنین لە مەترسی، چونکە هەروەکو پسۆرەکان گوتیان هەموویان لەلایەن یەک تۆڕی ناوەندی جیهانی مۆڵەت وەردەگرن و پاکێجەکانی ئەلیکترۆنی بەدەستدێنن. واتە دەست بەدەست لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دێنە خوارەوە هەتا دەگاتە کۆمپانیاکانی هەرێم کە هەموویان لەلایەن تورکیا وەرگیراون. لەراستیدا ئەمە خۆی هەرەشەیە لەسەر ئاسایشی-ئەلیکترۆنی، چونکە هەرچەندە تورکیا خاوەنی نیە و ناتوانێت رایانبگرێت و چاودێریکردنیشی- ئاسان نیە، بەڵام تورکیا وڵاتێکی نەیارە و لەو رێگەیەوە دەتوانێت چاودێری بخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

بەگشتی لەدیدی پسپۆڕانی ئەم بوارە، هەرێمی کوردستان چەندین هەرەشەی تری لەسەرە کە بەشێکیان لەسەر ئاستی وڵاتانی دەرەکییە، واتە خەڵکی دەرەوەی هەرێم بەدوو جۆر هێرشی ئەلیکترۆنی دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان، یەکیان بۆ سەر دامەزراوەکانی هەرێمە لەلایەن هاککەرە جیهانییەکان. ئەوەی تریان بۆ سەر کەسەکانە وەکو هەرەشەی سەر گەنجەکان لەلایەن ئافرەتانی تونسی و مەغریبی و وڵاتانی تر. لەسەر ئاستی ناوخۆ، دیسان بۆ سەر کەسایەتییەکان یان خەڵکی ئاسایی دەکرێت و دواتر داوای پارە دەکرێت. هەرەشەیەکی تر لە سەر ئاسایشی- ئەلیکترۆنی هەرێم نەبوونی یاسای پێشکەوتووی ئەلیکترۆنیە، ئەوەشی هەیە کۆنە و جیهانی تەکنۆلۆژیا رۆژانە دەگۆڕێت. هەرەشەیەکی تر ئەوەیە کە هەموو کۆمپانیایەک ماڤ کڕین و فرۆشتنی ماڵپەڕەکانی هەیە. لەمانەش هەرەشەتر، حکومەت نەیتوانیوە فلتەر لەسەر ماڵپەڕەکان دابنێت، ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەموو کەس ئازاد نیە کە هەر ماڵپەرێک بیەوێت بیکاتەوە. بەتایبەت ئەو ماڵپەڕو هەژمارانەی کە وێنە و ڤیدۆ و ریکلامی سێکسی- بڵاو دەکەنەوە یان بازرگانی بە مرۆڤ دەکەن قەدەغەن. کەچی لەهەرێمی کوردستان منداڵێکیش دەتوانێت سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکات و بەکەیفی خۆی سیمکارتی موبایل و ئینتەرنێت بکرێت. ئەمەش خەریکە کۆمەڵگەی کوردستانی رووبەڕووی چەندین کێشەی گەورە دەکاتەوە. بەهەمان شێوە، لەکاتی جەنگی داعش هەموو ماڵپەڕەکانی داعش و توندڕەوەکان دەکرانەوە و کاریگەرییان لەسەر هەرێم هەبوو.

### 10-2-3- ئاسایشی پەروەردە و فێرکردن

لەکاتی گفتوگۆ مەیدانیەکەمان د. دڵشاد عبدالرحمن محمد، وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێم سەرەتا بەوە دەستی پێکرد کە خودی کەرتی پەروەردە کۆڵەکەیەکە بۆ بونیادنانی ئاسایشی دەوڵەت. ئەگەر پەروەردە بەدروستی نەکرێت کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایش بەجێدەهڵێت. پێی وابوو کە پەروەردە هۆکاری پێکەوەژیانە لەو وڵاتانەی کە فرەیی هەیە، چونکە تەنها بەهۆی پەروەردەوە دەتوانرێت ئاسایشی کۆمەڵگا بۆ پێکەوەژیان دابین بکرێت. ئەمەش بە

چەسپاندنی بنەماکانی پێکەوەژیان لەناو سیستمی پەروەردە کە لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی باش ئەنجامدراوە، بەپێچەوانەی کۆن کە چەندین هەڵەی تێدابوو بۆ نموونە رۆڵی باوکسالاری و باڵادەستی رەگەزی نێرینە بەسەر رەگەزی مێینە هەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر پەروەردە کردبوو. ئەو کۆمەڵگایانەی کە دیمۆکراسی و پێشکەوتوون لەناو سیستمی پەروەردەیان بنەماکانی پێکەوە ژیانی دیمۆکراسیانەیان هەیە و لەوڵاتانی دواکەوتوو سیستمی پەروەردە هۆکارێکە بۆ توندوتیژی و نائاسایشی. لەهەمان کات، پ. ی. د. ئازاد علی اسماعیل، مامۆستای دەروونزانی پەروەردەیی لە زانکۆی کۆیە رای وابوو کە لەرووی ئاسایشی نەتەوەییەوە لەناو سیستمی پەروەردەو پەرتوکەکانی خوێندن بابەتی زۆرهەن کە کاریگەریان لەسەر خۆشەویستی وڵات و نەتەوە هەیە بەتایبەت لەبواری مێژووی نەتەوەی کورد و ئەو مەینەتیانەی توشی هاتوون، ئەمەش پارێزگاری لە ئینتما، شوناس و ناسنامەی کورد کردووە، هەروەها لەبواری ئاینیی جەخت لەسەر فرە ئاینی و لێبوردەیی کراوە و ئەمەش وایکردووە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەستبەربێ.

لەگەڵ ئەمانەش، پسپۆڕەکان بەمشێوەیە هەڕەشەکانی سەر پەروەردەیان پۆلێن کرد:

١- بەحزبیکردنی پەروەردە و فێرکردن. لێرەدا پەروەردە وەکو پرۆسەیەکی نەتەوەیی سەیرناکرێت و بۆ ئەجێندای حزبییە، بەهەمان ئەو میتۆدەی بەعس هەوڵی بەبەعسکردنی پەروەردەیدا لەحەفتاکان و هەشتاکان.

٢- کەمی کاتی خوێندن و زۆری پشووەکان. لەوڵاتانی تر پێش مانگی نۆ دەست بەخوێندن دەکرێتەوە کەچی لە هەرێمی کوردستان لەدوای مانگی ١٠ دەست پێ دەکات و دواتر بەدەیان رۆژ کراوەتە پشوو، ئەمە جگە لەو بایکۆتەی کە بەتایبەت لە سلێمانی بەچەند مانگ ئەنجام درا و بەهۆی قەیرانی کۆرۆناوەش رەوشەکە ئەوەندەی تر خراپتر بووە و ئێستا تەنها کار بۆ ئەوە دەکرێت کە هەر تەنها سیستمەکە بمێنێتەوە و رانەوەستێ بەبێ چارەسەری کێشەکان. تەنها چارەسەر خوێندنی ئەلیکترۆنیە و ئەمەش لەهەرێم شکستی هێناوە. واتە لێرە قوتابی ماوەیەکی زۆر لەخوێندن دادەبڕێت. لەجیاتی مەشق و راهێنان بۆ ئەوەی ببن بە سەرکردە و پیشەوەر و بایەخدان بە بوارە پێشکەوتووەکان و دروستکردنی کەمپی هاوینە بۆ راهێنانی جۆراوجۆر، لەم ماوەیەدا قوتابی و گەنجەکان ئارەزوویان بۆ خوێندن کەم دەبێتەوە و تەمبەڵ دەبن و بەرەو یارییە ئەلکترۆنیەکان دەڕۆن و ئەمەش هەڕەشە لەنەوەی داهاتوو دەکات.

٣- هەڕەشەی ئابووری لەسەر پەروەردە هەیە و پشتگیری دارایی پەروەردە کەمە. نەبوونی بودجەیەکی گەورە بۆ بواری پەروەردە هەڕەشەی گەورەیە، چونکە چەندین ساڵە بەبەردەوامی قوتابی زیاد دەبێت و قوتابخانە دروست ناکرێت. دواتر بەشێک لەمامۆستایان خانەنشین دەبن و دامەزراندنی مامۆستایان بۆ پەروەردە چەندین ساڵە وەستاوە و ئەو مامۆستایانەی هەشن مەشق و راهێنانیان پێناکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانکاری سەردەم خۆیان بگونجێنن. بەهەمان شێوە موچە کەمی یان دواکەوتن وایکردووە کە مامۆستا پیشەی تر بکات بۆ بژێوی خۆی و بایەخ بە پەروەردە نەدات.

٤- پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی بەتایبەت ئامێرەکان وبەرنامەکانی کات بەسەربردن و ئەتاری هەڕەشەیە

لەسەر پەروەردە و وایکردووە و قوتابی حەزی بۆ خوێندن نەڕوات و بیری لەلای یارییەکان بێت.

٥- نەبوونی دەرفەتی یەکسانی خوێندن مەترسییەکی تری سەر ئاسایشی پەروەردەیە بەتایبەتی لەبواری خوێندنی تایبەت. قوتابیەک بەنمرەیەکی کەمتر لەیەکێکی تر بەهۆی باری دارایی باشەوە دەچێتە بەشێکی بەرزتر و دواتر پیشەیەکی باشتر وەردەگرێـت. ئەمە روحی شەڕانگێزی و رق دروست دەکات و دەبێـتە نائاسایشی یان ئەو تاکە هەست ناکات نیشتمانی ئەوە و خۆشەویستی بۆ نیشتمان نابێت.

٦- کەمی کادیری پێشکەوتووی پەروەردەو خوێندنی باڵا. ئێستا زیاتر لە ١٢٠ هەزار مامۆستا هەیە و لەبەرئەوەی ڕێژەکە زۆر زیادی کردووە بۆیە نەتوانراوە هەمویان بە کوالیتی باش پێبگەیەنرێن. هەرچەندە لەدوای ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە پەیمانگاکانی مامۆستایان داخران بۆ ئەوەی ببنە کۆلێژ و توانای زانستی و پێداگۆجیان بەرزبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕاهێنانی باش نیە و پێگەیاندنەکە لەئاستی پێویست نیە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو چەند ساڵەی کە قەیران هەیە و وایکردووە کە مامۆستایانیش کەمتەرخەمی بکەن. خودی کۆلێژەکان کێشەی پەروەردەکردنی ئەم مامۆستایانەیان هەیە و پێشتریش مامۆستاکە بەنمرەی کەم هاتۆتە ئەو کۆلێژانە یاخود هەر ئارەزووی لەم کۆلێژە نەبووە. حەزی مامۆستا بۆ بابەتەکان لە کۆلێژەکە و ژینگەی قوتابخانە و پەروەردە بەگشتی هانی مامۆستا نادات لەپرۆسەی پەروەردە. ئەمانە وایکردووە مامۆستاکە ئەرکەکە لەکۆڵی خۆی بکاتەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردە بەجێدەهێڵێ.

## 4 - دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### 4-1- دەرئەنجامەکان

لەوەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە دەتوانین بڵێین کە دە هەڕەشەی سەرەکی لەسەر ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەیە:

١- لەبواری ئاسایشی سەربازی، هەرێمی کوردستان جگە لەوەی لە جوگرافیایەکی هەڕەشە ئامێزی سەربازییە و هەمیشە هەڕەشەی وڵاتانی دەوروبەر و تیرۆری لەسەرە، لەناوخۆی هەرێمیش هێزی سەربازی و چەکدار لەژێر فەرماندەری دەزگا فەرمییەکان نیە و سەرۆک و بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان بڕیار لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدەن. لەهەمان کات، هۆز، عەشیرەت و بنەماڵەکان خاوەن هێزی چەکدارن و حکومەت ناتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەم ئەم فرە هەژموونییە هەڕەشەیە لەسەر سەروەری یاسا. هەرێم لەتوانایدا نیە تەکنۆلۆژیای نوێی سەربازی وەربگرێت و مەشقی پێشکەوتوو بەهێزە چەکدارەکان بکات. ئەمانەش هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان.

٢- یەکێک لەهەڕەشە گەورە سیاسییەکان نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکگرتوو نەبوونی خاکی هەرێم و دامەزراوە فەرمیەکان و نەبوونی یەکێتی ناسنامەیە. ئەمە دەرفەتی بەدەستوەردانی دەرەکی و لاوازی حکومەت لەچارەسەرکردنی کێشەکان داوە، هەروەها بۆتە هۆکاری دروستبوونی گەورەترین هەڕەشەی سیاسی کە گەندەڵییە. لەگەڵ ئەمانەش پشتگیری سیستم و متمانەی سیاسی کەمکردۆتەوە.

ئەمانەش هەڕەشە و ناسەقامگیری سیاسی دروست کردووە.

٣- ئاسایشی ئابووری هەرێم پارێزراو نیە. کێشە لە بەشی پێویستی سەرچاوە سروشتییەکان، داهات و پێداویستیەکان نیە، بەڵکو بەهۆی گەندەڵی، خراپ بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان، کێشەی یاسایی بۆ مامەڵەی وزە و بازرگانی، نەبوونی ستراتیژی ئابووری درێژخایەن و زۆری موچەخۆر و کەمی داهات و...هتد، هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئابووری دروست بووە. لەهەمان کات هۆکارەکانی وەکو نەبوونی شەفافیەت لەکەرتی وزە و باج، نەبوونی ستراتیژی بازاڕ و سیاسەتی بانکی، بەرزبوونەوەی هەژاری و بێکاری هەتا دێت هەڕەشەکان بەرزدەکەنەوە لەسەر ئاسایشی هەرێم.

٤- کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و منداڵ و لەبەرامبەردا بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرەکان بۆ ٢٥% لەساڵێک هەڕەشەی کۆمەڵایەتین. هەژاری و بێکاری، کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و نەبوونی فلتەر لەسەر تۆڕە بەدڕەوشتییەکان و زیادبونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەناو گەنجەکان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی خستوەتە بەر هەڕەشە.

٥- ڕوبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەریخست کە ئاسایشی تەندروستی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەیە و لەماوەی چەندین ساڵی حوکمڕانێتی نەتوانراوە ستراتیژێکی تەندروستی سەرکەتووانە بگیرێتە بەر. لەلایەکی ترەوە، بازرگانی نایاسایی و قاچاخچێتی دەرمان و فەرامۆشکردنی کەرتی تەندروستی حکومیی، هەڕەشەی تەندروستین.

٦- نەبوونی سیاسەتی ژینگەیی، جگەلە هەڕەشە لەسە ژینگە، هەڕەشەی تەندروستی و کۆمەڵایەتیشی دروست کردووە. ژمارە زۆری ئۆتۆمبێل و پاڵاوگە نایاساییەکان و نەبوونی فلتەر لەسەر پاڵاوگە، ئۆتۆمبێلەکان و کارگەکان، ساڵانە بەهەزاران کەسی توشی نەخۆشی ژێرپەنجە و نەخۆشی تر کردووە.

٧- ئەگەرچی هەرێمی کوردستان خاوەن توانای مرۆیی و سروشتییە بۆ بەرهەمی خۆراکی، بەڵام نەبوونی سیاسەتێکی خۆراکی بەردەوام و درێژخایەن وایکردووە هەرێم هەردەم لەبەردەم هەڕەشەی خۆراک لەلایەن وڵاتانی دەوروبەر بێت و خۆراکی خراپ و ماوەبەسەرچوو بێتە هەرێم و کاریگەری خراپ بکاتە سەر تەندروستی خەڵک و ئاسایشی خۆراک.

٨- لەگەڵ ئەوەی گۆڕانی کەش و هەوا هەڕەشەیەکی جدییە لەسەر کەمبوونەوەی ئاو، سیاسەتی ئاوی ئێران و تورکیا لەلایەک و ناهۆشیاری خەڵک و حکومەت لەبەکارهێنان و بەفیڕۆدانی ئاو لەماڵەکان و کارگەکان و لێدانی هەزاران بیری نایاسایی لەلایەکی تر هەڕەشەی سەر ئاسایشی ئاویان زیاتر کردووە.

٩- بەهۆی کەمی هۆشیاری خەڵک و نەبوونی توانای کۆنترۆڵکردن و یاسای نوێ لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییە نوێیەکان، هەتا دێت هەڕەشەی سایبری زیاتر دەبێت. کاریگەری نەرێنی فەیس بوک و تۆڕەکانی تر و نەبوونی ڕێگری لە کردنەوەی پەیجە نەشیاوەکان هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و سیستمی سیاسی.

١٠- پەروەردە وەکو کۆڵەکەیەکی سەرەکی ئاسایش لەبەردەم هەڕەشەیە. پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو بەم سیاسەتە پەروەردەییەی ئێستا مەترسی لەسەر داهاتوو دروست دەکات. فاکتەرەکانی

وەکو زۆری لەڕادەبەدەری پشوەکان، بایکۆتی خوێندن، قەیرانی ئابووری بۆ موچە، دامەزراندن و مەشقی مامۆستایان و دروستکردنی قوتابخانەی نوێ، کاریگەری نەرێنی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان لەسەر قوتابیان و خوێندکاران، لەگەڵ ئەمانەش، جیاوازی چینایەتی بەرز و گرنگیدان بەقوتابخانە تایبەتەکان و پەراوێزخستنی قوتابخانە حکومییەکان کە زیاتر لە ملیۆنێک قوتابی و خوێندکاری تیایە هەموویان هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی پەروەردەیی.

لەکۆتاییدا، ئەگەرچی لەهەندێک وڵات گرنگیدان بە ئاسایشی سەربازی هاتۆتە خوار بوارەکانی تری ئاسایش، بەڵام توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە هێشتا قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەیە و هەتاوەکو دەوڵەتی سەربەخۆ دروست دەبێت، ئاسایشی سەربازی بەپلەی یەکەم دەبێتە جێگەی بایەخی هەرێمی کوردستان. ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەرێمی کوردستان دەستبەرداری بوارەکانی تری ئاسایش بێت، چونکە هیچ دەوڵەتێک لە جیهان ناتوانێت بەتەنها ئاسایشی خۆی دابین بکات و دەچنە نێو هاوپەیمانیەتییەوە، بۆیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت هاوکات لەگەڵ بەهێزکردنی هاوپەیمانیەتییەکان و یەکگرتوویی و پێشکەوتنی سەربازی، کار لەسەر سیاسەتێکی تۆکمە و دراسەکراو بکات بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەڕەشە ئاسایشییەکانی تر.

**4-2- پێشنیارەکان**

یەکەم: دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئاسایشیی فراوان و نهێنی بۆ هەموو پرسەکان کە راپۆرتی کاریگەر و گرنگ بە داتا ئامادە بکات بۆ لایەنە پەیوەندەدارەکان و دروستکەرانی بڕیار.

دووەم: گرنگی بەهۆشیاری ئاسایشیی و مەترسی و هەڕەشەکان بدرێت لەقوناغەکانی خوێندن و ناوەندەکانی تری ئاینی و رۆشنبیری بۆ بەهێزبوونی هۆشیاری لەسەر سیستمی ئاسایشی هەرێم.

سێیەم: بەهۆی ناهاوسەنگی هێز، هەرێمی کوردستان نەچێتە هیچ بەرەکی دژ بەیەک لەناوچەکە، چونکە راستەوخۆ هەموو بوارەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەونە مەترسی.

چوارەم: چاودێری توند دابنرێت لەسەر هەموو بوارەکانی ئاسایش و بەووردی چاودێری سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر بکرێت لەرووی هاوردەی کەلوپەل و خۆراک وهاوڵاتیانیان بۆ ناوخۆی هەرێم.

پێنجەم: بەپلانێکی تۆکمە هەوڵی کەمکردنەوەو بنبڕکردنی هێزە چەکدارە نافەرمییەکان بدرێت. کار لەسەر سەروەربونی یاسا و یەکگرتنەوەی هێزەکان بکرێت و لەژێر فەرمانداری دەزگا فەرمییەکان بن.

# سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

**فەرهەنگ:**

موکریانی، هەژار. (٢٠١٦). هەمبانە بۆرینە: فرهنگ کردی- فارسی. چاپی شەشەم.

**کتێب:**

ڕەوشەندل، جەلیل. (٢٠١٠). ئاسایشی نەتەوەیی و سیستمی نێونەتەوەیی. و. مێهدی مێهرپەروەر هەولێر: دەزگای وەرگێڕان.

شەریف، ئەمین فەرەج. (٢٠١٩). حوکمڕانێتی باش لەهەرێمی کوردستان (١٩٩٢-٢٠١٣). و. لوقمان حاجی قادر. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

قدور، عمر احمد. (٢٠٠٩). ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت. و. ئازاد گراوی. هەولێر:دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

هۆبز، تۆماس. (٢٠١٦). لیڤیاسان. و. ئەسعەد عەلی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

**گۆڤاری زانستی:**

ئەحمەد، کارزان محەمەد. (٢٠٢٠). کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلیکلترۆنی لەسەر ئاسایشی- کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان؛ بڵاوبوونەوەی (COVID-19) بەنموونە. گۆڤاری توێژینەوەی سیاسی و ئاسایشی، بەرگی ٣ (٥). بەردەستە لە: https://www.centerfs.org/files/2020/07/4-Vol.3-No.5k-107-138.pdf [٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠].

**ماڵپەرەکان:**

بەختیار، مەلا. (٢٠٢٠). تەکنەلۆژیای جەنگ. ئاسایش و بەرگری نەهێشت. [ئۆنلاین] ماڵپەڕی زەمەن. بەردەستە لە: https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=1609 (ڕێککەوتی سەردانی ١٥ی جەنیوەری ٢٠٢٠).

فەرەج، مەهدی. (٢٠٢٠). توێژینەوەیەک: ڕێژەی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لە هەولێر نزیکەی دوو هێندەی ئاستی جیهانییە. [ئۆنلاین] ماڵپەڕی ڕووداو، ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ لە: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0709202020 (ڕێکەوتی سەردانی ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠).

"لەهەر چوار پرۆسەی هاوسەرگیرییەك یەكێكیان بە جیابونەوە کۆتایی دێت". (٢٠٢٠). [ئۆنلاین] ماڵپەڕی درەو میدیا. بەردەستە لە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=%205213 . (ڕێککەوتی سەردانی ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠).

" فرسەت سۆفی: ٢٠% ی کارەبای هەولێر دەدزرێت". (٢٠٢٠). [ئۆنلاین] ماڵپەڕی KNN. بەردەستە لە: https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=26683 . (ڕێکەوتی سەردانی ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠).

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

کتێب:

Buzan, B. (1983). *People, States and Fear; The National Security Problem in International Relations*. Sussex: Wheatsheaf Books.

Buzan, B., Waever, O., and Wilde, J. (1998) *Security: A New Framework for Analysis*. London: Lynne Rienner Publishers.

Campbell P., MacKinnon, A., and Stevens C. (2010). *An Introduction to Global Studies*. United Kingdom: Wiley –Blackwell.

Ghosh, R., Manuel, A., Chan, A., Dilimulati, M., and Babaei, M. (2016). *Education and Security; A global literature review on the role of education in countering violent religious extremism*. United Kingdom: Tony Blair Institute for Global Change.

Huntington, S. (1968) Political Order in Changing Societies. London: Yale University Press.

Roe, P. (2005). *Ethnic Violence and the Societal Security Dilemma*. London and New York: Routledge.

چاپتەر لەکتێب:

Bigo, B. (2008) International Political Sociology. In: Williams, P. ed., *Security Studies: An Introduction*. London and New York: Routledge.

Booth K., and Wheeler, N. (2008) Uncertainty. In: Williams, P. ed., *Security Studies: An Introduction*. London and New York: Routledge.

Brauch, H. (2005). Threats, Challenges, Vulnerabilities and Risks in Environment and Human Security. Bonn: UNU Institute for Environment and Human Security.

McDonald, M. (2008) Constructivism. In: Williams, P. ed., *Security Studies: An Introduction*. London and New York: Routledge.

Thomas, C. (2008) Poverty. In: Williams, P. ed., *Security Studies: An Introduction*. London and New York: Routledge.

Williams, P. (2008) Security Studies: An Introduction. In: Williams, P. ed., *Security Studies: An Introduction*. London and New York: Routledge.

جۆرناڵی ئەکادیمی:

Al-Edwan, Z. (2016). The Security Education Concepts in the Textbooks of the National and Civic Education of the Primary Stage in Jordan—An Analytical Study. *International Education Studies*. Volume 9(9). Available at:https://www.researchgate.net/publication/307532723_The_Security_Education_Co

ncepts_in_the_Textbooks_of_the_National_and_Civic_Education_of_the_Primary_Stage_in_Jordan-An_Analytical_Study [Accessed: 6th March 2020].
Jackson, R., Drummond, D., and Camara, S. (2007). What Is Qualitative Research? *Qualitative Research Reports in Communication*. Volume 8(1). Available at: http://dx.doi.org/10.1080/17459430701617879 [Accessed: 29th February 2020].
Taureck, R. (2006). Securitisation Theory and Securitisation Studies. *Journal of International Relations and Development*. Volume (9). Available at: http://dx.doi.org/10.1057/palgrave.jird.1800072 [Accessed: 15th February 2020].

**وتاری ئەلیکترۆنی:**

Afolabi, M. (2015). *Concept of Security*. [pdf] Nigeria: Intelligence and Security Studies Programme, Department of Political Science and International Studies Afe Babalola University. Available at: https://www.academia.edu/36060687/CONCEPT_OF_SECURITY.pdf [Accessed 28th February. 2020].
Cropley, A. (2019). *Introduction to Qualitative Research Methods*. [pdf] Hamburg: University of Hamburg. Available at: https://www.researchgate.net/publication/285471178_Introduction_to_Qualitative_Research_Methods [Accessed 28th February. 2020].
Diskaya, A. (2013) *Towards a Critical Securitization Theory*: *The Copenhagen and Aberystwyth Schools of Security Studies*. [pdf] E- International Relations. Available at: http://www.e-ir.info/2013/02/01/towards-a-critical-securitization-theory-the-copenhagen-andaberystwyth-schools-of-security-studies/ [Accessed 9th January. 2020].
Marttunen, M., Mustajoki, J., Sojamo, S., Ahopelto, L., and Keskinen, M. (2019). A Framework for Assessing Water Security and the Water–Energy–Food Nexus; The Case of Finland. [pdf] Finland: Sustainability. Available at: file:///C:/Users/Barez/Downloads/sustainability-11-02900-v2.pdf [Accessed 3rd March. 2020].
Schultz, B., and Uhlenbrook, S. (2007). '*Water Security*': *What Does it Mean*, *What May it Imply*? [pdf] Netherland: Institue for Water Education. Available at: https://www.researchgate.net/publication/237365350_Water_security_What_does_it_mean_what_may_it_imply [Accessed 3rd March. 2020].

Sosnowski, P. (2016). *Characteristics of Selected Security Threats in the Kurdistan Region in Iraq*. [pdf] Warsaw: National Defense University. Available at: https://www.researchgate.net/publication/306523079_CHARACTERISTICS_OF_SELECTED_SECURITY_THREATS_IN_THE_KURDISTAN_REGION_IN_IRAQ [Accessed 9th January. 2020].

**راپۆرتەکان:**

European Asylum Support Office (EASO). (2019). *Iraq: Security Situation*. [online] European Union: Available at: https://www.easo.europa.eu/sites/default/files/publications/EASO-COI-Report-Iraq-Security-situation.pdf [Accessed 15th January 2020].

Government offices of Sweden. (2017). *National Security Strategy*. [online] Prime Minister's Office: Available at: https://www.government.se/4aa5de/contentassets/0e04164d7eed462aa511ab03c890372e/national-security-strategy.pdf [Accessed 13th January 2020].

**ماڵپەڕەکان:**

Cambridge Dictionary, (2020). *Security*. Available at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/security (Accessed 28th February 2020).

Ghebreyesus, T. (2020). *Coronavirus should be seen as 'public enemy number one', says WHO*. [online] The Guardian. Available at: https://www.theguardian.com/world/2020/feb/11/coronavirus-vaccine-could-be-ready-in-18-months-says-who (Accessed 12th February 2020).

Rabar, R. (2020). *Challenges facing the KRG in 2020*. [online] Rudaw, Available at: https://www.rudaw.net/english/opinion/10012020 [Accessed 30th January. 2020].

## پاشکۆی ژمارە (١)
## لیستی چاوپێکەوتنەکان

١- مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشووی پێشمەرگە و جێگری یەکەمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

٢- فەریق جمال ئیمنیکی، سوپاسالاری پێشمەرگە.

٣- ئەبوبەکر کاروانی، سیاسەتمەدار و قوتابی دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان.

٤- عەبدوڕەحمان سدیق، ئەندازیاری ژینگە و سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

٥- پ.د. دلاوەر عەبدولعەزیزعەلائەدین، پزیشک، وەزیری پێشووی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و سەرۆکی پەیمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری).

٦- پ. د. سلێمان عبدالله اسماعیل، پسپۆڕی بواری ئاسایشی ئاو، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
٧- پ. ی. د. ئازاد علی اسماعیل، مامۆستای دەروونزانی پەروەردەیی، زانکۆی کۆیە.
٨- پ. ی. د. هەردەوان محمود کاکەشێخ، زانکۆی سەلاحەدین.
٩- د. دڵشاد عبدالرحمن محمد، وەزیری پێشووی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
١٠- د. فایەق گوڵپی، پزیشک و سیاسەتمەدار.
١١- د. محمد امین پێندرۆیی-ئەندام پەرلەمانی عێراق و جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاو لەپەرلەمانی عێراق.
١٢- د. گۆران زەنگەنە، پزیشک و توێژەر لەپەیمانگەی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مێری).
١٣- د. موصلح ئێروانی، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ.
١٤- د. فائز ابراهیم محمد، کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ.
١٥- د. محمد عزیز عثمان، پسپۆڕی بواری ئاسایشی ژینگە. مامۆستا و ئەندازیاری ژینگە. زانکۆی صلاح الدین.
١٦- د. سیروان عبدالله، مامۆستای زانکۆ، زانکۆی سەلاحەدین.
١٧- د. عثمان کەریم قادر، مامۆستای زانکۆ، زانکۆی سەلاحەدین.
١٨- م. حوسێن کورد نەژاد، ماستەر لە ئابووری و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین.
١٩- م. نەورۆز نورالدین عبدالرزاق، مامۆستاو پسپۆڕی بواری ئاسایشی- ئەلیکترۆنی لەزانکۆی سەلاحەدین.
٢٠- م. هۆشمەند رفیق، مامۆستای زانکۆ و قوتابی دکتۆرا لەئابووری هەرێمی کوردستان، زانکۆی سەلاحەدین.

## پاشکۆی ژمارە (٢)
## لیستی پرسیارەکانی مەیدانی توێژینەوەکە

**یەکەم: ئاسایشی سەربازی**

١- پێت وایە هەرێم یەکگرتوویی سەربازیی و فەرمانداری فەرمی هەیە بۆ جوڵاندن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی؟
٢- هەرێمی کوردستان توانیویەتی لەرووی سەربازی زاڵ بێت بەسەر هێزە نافەرمیەکان؟
٣- پێت وایە هەرێمی کوردستان هەڕەشەی سەربازی لەسەرە؟ بەتایبەت تیرۆریستی.
٤- ئایا ئەگەر هێرش کرایە سەر هەرێمی کوردستان، چەک، مەشق و سەربازی پێویستی هەیە بۆ پارێزگاری لەهەرێم؟
٥- ئایا هەرێمی کوردستان توانای یاسایی و دارایی هەیە بۆ ئەوەی چەکی پێویست بکرێت؟
٦- پێت وایە کامیان پێویستترە بۆ پاراستنی هەرێم، ئاسایشی سەربازی یان ئاسایشەکانی تر؟

**دووەم: ئاسایشی سیاسی**

١- ئایا نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان؟

٢- ئايا سەقامگیری سیاسی هەیە لە هەرێمی کوردستان؟
٣- ئەو سیستمەی حکومەت ڕەوایەتی پێ وەرگرتووە سەرکەوتوو بووە؟
٤- ئایا مەترسی هەیە لەسەر یەکێتی هەرێم و یەکگرتوویی خاکەکەی؟
٥- داواکاری و مافی ڕەوای تاکەکان هاتۆتەدی لەلایەن سیستمی سیاسی؟
٦- ئایا مافی رادەربڕینی سیاسی و دەنگدان و خۆپاڵاوتن هەیە لە هەرێمی کوردستان؟

**سێیەم: ئاسایشی ئابووری**

١- ئایا هەرێمی کوردستان لەرووی ئابووریەوە توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەیە؟
٢- ئایا گەرەنتی پێدانی مووچە هەیە لەهەرێمی کوردستان؟
٣- ئایا ئاسایشی وزە هەیە لەهەرێمی کوردستان؟
٤- ئایا کۆکردنەوەی باج و داهات و دواتر دابەشکردنەوەی بەسەر خەڵک دادپەروەرانەیە؟
٥- ئایا ئاسایشی کاری بانکی هەیە؟
٦- ئایا حکومەت توانیویەتی سیاسەتی بازاڕ ڕێکبخات؟
٧- بارودۆخی هەژاری و بێکاری چۆنە لەهەرێمی کوردستان؟
٨- ئایا هەرێم توانیویەتی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی پەرەپێبدات تاوەکو ببێتە خاوەن سەربەخۆیی ئابووری؟
٩- ئایا ئازادی کارکردن و خاوەنداریەتی و یەکسانی کار هەیە لەهەرێمی کوردستان؟
١٠- هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان چییە؟

**چوارەم: ئاسایشی کۆمەڵایەتی:**

١- پێت وایە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی هەڕەشە لەسەر هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە هەیە؟
٢- پێت وایە ئازادی هاوسەرگیری و ڕەگەزی یان جێندەری هەیە لەهەرێمی کوردستان؟
٣- پێت وایە ڕێژەی تەڵاق و لێکجیابوونەوە کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی؟
٤- دیاردەی کۆچ تاچەند زیانی بەهەرێمی کوردستان گەیاندووە؟
٥- بابەتی هەژاری و بێکاری کاریگەری کردۆتە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەهەرێم؟
٦- هەڕەشە و توندوتیژی هەیە بەهۆی ئازادی رادەربڕینەوە؟
٧- تاچەند میدیا و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر ناوزڕاندن توندوتیژی و کێشەی کۆمەڵایەتی؟
٨- تاچەند ماددە هۆشبەرەکان بە هەڕەشە دادەنێت لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و خێزان؟

**پێنجەم: ئاسایشی تەندروستی**

١- ئایا تەندروستی خەڵک پارێزراوە؟ تاچەند سیستمی تەندروستی دەتوانێت خەڵک بپارێزێت؟
٢- پێت وایە دەرمان و چارەسەرە تەندروستیەکان لەهەرێم کوالیتی بەرزن و ساختەنین؟
٣- ئایا بازرگانی دەرمان و پێداویستی تەندروستی ئازادە یان قۆرخ کراوە؟
٤- پێت وایە چ هەڕەشەیەک لەسەر سیستمی تەندروستی هەرێمی کوردستان هەیە؟

**شەشەم: ئاسایشی ژینگەیی**

١- ئایا ژینگەیی هەرێمی کوردستان بەکەڵکی ژیان دێت یان تەندروستە؟

٢- تاچەند کارکراوە بۆ رێگری لەپیسبوونی ژینگە؟

٣- پێت وایە چ هەڕەشەیەک لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستانە؟

**حەفتەم: ئاسایشی خۆراک**

١- ئایا هەرێمی کوردستان ئاسایشی خۆراکی هەیە کە بتوانێت تەنها پشت بەخۆی ببەستێت لەکاتی قەیران یان داخستنی سنوورەکان؟

٢- کوالیتی خۆراک چۆنە لەهەرێمی کوردستان؟

٣- پێت وایە چ هەڕەشەیەک لەسەر خۆراک هەیە لەهەرێمی کوردستان؟

**هەشتەم: ئاسایشی ئاو**

١- ئایا هەرێمی کوردستان ئاوی پێویست و شیرنی هەیە بۆ (خواردنەوە، پیشەسازی، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری)؟

٢- ئایا سامانی ئاو پارێزراوە؟

٣- هەرێم تاچەند دەتوانێت ئاو وەکو کارتی فشاری سیاسی بەرامبەر وڵاتان بەکاربێنێت؟

٤- هەرێم دەتوانێت لەرێگەی ئاو کارەبای پێویست دابین بکات؟

٥- تاچەند زیادبوونی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان هەڕەشەنە لەسەر ئاو؟

٦- هەڕەشەکانی سەر ئاوی هەرێمی کوردستان بەگشتی چین؟

**نۆیەم: ئاسایشی ئەلیکترۆنی:**

١- چ گرەنتیەک هەیە بۆ هاکنەکردنی ماڵپەڕ، بانک و ئەکاونتەکانی تر لەهەرێمی کوردستان؟

٢- ئایا بەڕاستی کۆمپانیاکانی موبایل و ئینتەرنێتی جێگەی متمانەن و جاسوسی بەسەر خەڵکەوە ناکەن؟ یان ئایا دزی لەباڵانسی خەڵک دەکەن؟

٣- تاچەند ئەم تۆڕانە پشتیان بەخۆیان بەستووە؟

٤- چ هەڕەشەیەکی ئەلکترۆنی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە؟

**دەیەم: ئاسایشی پەروەردە و فێرکردن**

١- ئەو چەمک و داڕشتنانە چین لەناو دەقەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی و خوێندنی باڵا کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئاسایشی۔ وڵات؟ پرۆگرامەکانی خوێندن رێژەی چەند هەر یەک لەبوارە جیاوازەکانی ئاسایشیان لەخۆ گرتووە؟

٢- ئایا کارەکتەر و پرۆگرامەکانی سیستمی پەروەردە دەتوانن نەوەیەکی پێشکەوتوو ئامادە بکەن بۆ داهاتوو؟

٣- تاچەند پشووەکان و کەموکورییەکانی پەروەردەیی زیانیان بە پەروەردە گەیاندووە؟

٤- چ هەڕەشەیەک لەسەر پەروەردە و فێرکردن دەبینیی بەگشتی لە هەرێمی کوردستان؟